# هێڵە گشتییەکانی داڕشتنی ستراتیژی نیشتیمانی بۆ دژەگەندەڵی لە هەرێمی کوردستان

**دانا سەعید سۆفی**
**ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان (RID)**

**ئەم توێژینەوەیە بووە بنەمای داڕشتنی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٧ تا ساڵی ٢٠٢١، کە لە ٢٠١٧/٥/١٥ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران وەک بڕیاری ژمارە ١٠٨ پەسەندکرا.**

**ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی دامەزراوەی وێستمینیستەر بۆ دیموکراسی، WFD، ئامادەکراوە، لە چوارچێوەی پرۆگرامی پتەوکردنی دیموکراسی بلاودەکرێتەوە کە لەلایەن ئینسستیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان، RID، بە هاوکاری فریاکەوتنی میللەتی نەرویجی، NPA، ئەنجام دەدرێت.**

زنجیرەی بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان

**RID 2018 (13)**

تایتل: هێڵە گشتییەکانی دارشتنی ستراتیژی نیشتیمانی بۆ دژەگەندەڵی لە هەرێمی کوردستان

نووسەر: دانا سەعید سۆفی

تیراژ: ٢٠٠٠ دوو هەزار دانە

مافی بڵاوکردنەوە: پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان و سەکۆی بەشداریی گشتی

ناونیشان: هەولێر، هەرێمی کوردستان ـ عێراق

ئیمەیل: info@rid-k.org

ماڵپەڕ:www.rid-k.org

http://sako.rid-k.org

## ١. کۆنتێکست و پێشینە

لە هەرێمی کوردستان پرسی گەندەڵی بەشێوەیەکی بەربڵاو باسی لێوە دەکرێ، نەک تەنیا لە ئاستی میدیایی، بەڵکو لە ئاستی سیاسی و دامودەزگا فەرمییەکانیش. بەرپرسانی حکومی لە بۆنەی جیاوازدا دانیان بە بوونی دیاردەی گەندەڵی داناوەو لە پەرلەمان و حکومەتیش باس لە پرس و پرۆژەی چاکسازی دەکرێ بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی. دامەزراندنی دەستەی دەستپاکی لە ٢٠١٣ ئاماژەیەکە بۆ بوونی گەندەڵی بە شێوەیەکی بەربڵاو، چونکە بەپێی ئەو یاسایەی کە دەستەی دەستپاکی لەسەر دامەزراوە (ژمارە ٣ ساڵی ٢٠١١، هەمواری یەکەمی بە یاسای ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤)، ئامانجی دروستکردنی دەزگاکە بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵییە.

بەپێی راپۆرتەکانی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی عێراق لە خراپترین ئەو وڵاتانەیە کە گەندەڵی بە شێوەیەکی بەربڵاو تیایە، دیارە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عیراق و کەمتازۆر ئاماژەکانی ئەو رێکخراوە بۆ هەرێمی کوردستانیش دروستە. بەپێی ئیندێکسی ساڵی ٢٠١٤ ی شەفافیەتی نێودەوڵەتی عێراق ١٦ خاڵی هەیە لە ١٠٠ خاڵ، هەروەها لە ١٧٥ وڵاتی دنیا کە لە ئیندێکسە کە ئاماژەیان پێکراوە، عێراق ١٧٠ یەمین وڵاتی دنیایە، واتە تەنیا ٥ وڵات لە عێراق خراپترن لەرووی گەندەڵی و شەفافیەتەوە. لە ئیندێکسی ٢٠١٥ بەهەمان شێوە شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕاوە، عیراق پلەبەندی ١٦١ ی هەیە لە کۆی ١٦٧ وڵاتی جیهاندا، واتە تەنیا ٦ وڵات لە عێراق خراپترن. ئەو بارە بەردەوامە، لە ٢٠١٧ پلەبەندی ١٦٩ ی هەیە لە کۆی ١٨٠ وڵاتی جیهاندا. بەهەر حاڵ ئەگەر ئەو ئیندێکسە دەقاودەق بۆ هەرێمی کوردستان دروست نەبێ، ناتوانین بڵێین زۆریش لێی دوورە.

لە هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار لێژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزرا، بەڵام بێ ئەوەی ئەکتیڤ بێ، ئەمەش بەهۆی ناکۆکی سیاسییەوە. هەر لە هەمان ساڵدا، بەڵام چەند مانگێک پێشتر، حکومەتی هەرێم بە هاوکاری کۆمپانیایەک ستراتیژێکی دارشت بۆ حوکمڕانی دروست و شەفافیەت، بە گوێرەی یەکێک لە راسپاردەکانی دەبوایە لە ئەنجومەنی

وەزیران نوسینگەیەک بەناوی نوسینگەی حوکمڕانی و دەستپاکی دروست بێ، ئەم نوسینگەیە لە ساڵی ٢٠١٠ دامەزرا، ئەرکەکەشی بریتی بوو لە کارکردن بۆ حکومەتێکی چالاک و شەفاف، دیارە بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەت و فەرمانگەکان. ساڵی ٢٠١١ پەرلەمانی کوردستان یاسای دەستەی گشتی دەسپاکی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد، کە بە پێی ئەو یاسایە دەستەی دەستپاکی دەبێ دابمەزرێ کە بەپێی ماددەی سێهەمی یاساکە ئەرکی سەرەکی ئەو دەستەیە بریتی دەبێت لە جێگیرکردنی سەروەری یاسا، نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و پشتیوانیکردن لە شەفافیەت. بەڵام دروستکردنی ئەو دەستەیە درێژەی کێشا تا ساڵی ٢٠١٣. هەر لە ساڵی ٢٠١١ حکومەتی هەرێم سیستمی ڕێساکانی ئاکار و پیشەیی بۆ کارمەندانی حکومەتی هەرێم پەسەند کرد، کە دەکرێ ئاماژەی پێبکرێ، چونکە پەیوەندی بە هەوڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی هەیە، لانی کەم لەسەر ئاستی کارگێڕی و بەڕێوەبردن.

بەڵام ئەو چوارچیوە یاساییەی کە تا ئێستا هەیەو ئەو دەزگایانەی کە پەیوەندیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵییەوە هەیە تەواو ناچالاک بوون. لێژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا نەیتوانیوە هەوڵی جدی بدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، ئەمەش بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکان لەلایەک و ناچالاکی و لاوازیی خودی پەرلەمان لەلایەکی تر. ئەوەی پەیوەندی بە نوسینگەی حوکمڕانی و دەستپاکییەوە هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران، هەوڵەکانی زۆر سنوردارەو لەو پێگەیەدا نیە کە بتوانێ ڕۆڵی بەدواداچوون و لێپرسینەوە لەبەرامبەر بەرپرسان و دامودەزگاکان بگێڕێ. دروستکردنی ئەو نوسینگەیە پێناچێ هەوڵێکی جدی حکومەتی هەرێم بووبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و جێگیرکردنی حوکمڕانی دروست و شەفافیەت. وا بۆ نزیکەی شەش ساڵ دەچێ کە نوسینگەکە دروست بووەو و بۆ نزیکەی حەوت ساڵ دەچێ کە ستراتیژی حوکمڕانی دروست و شەفافیەتی حکومەتی هەرێم پەسەندکراوە، بەڵام نە شێوازی حوکمڕانی دامودەزگاکان چالاک و باش بووە و نە پیڕەوی لە شەفایەت کراوە لە کاروبارەکانیان. ئەمە لە کاتێکدا کە تەنیا کەسانی تایبەتمەند ئاگادارن لە بوونی نوسینگەیەکی لەو جۆرە، و بیجگە لەوەش کە دروستبوونی نوسینگەکە لە چوارچێوەی یاسایەکدا نیە کە لەپەرلەمان پەسەند کرابێ.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئاخۆ ڕەوشی دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان چۆن بێ، کە ڕاستەوخۆ سەر بەپەرلەمانەو بەپێی یاسایەکی تایبەت دامەزراوە، واتە پێگەیەکی زۆر بەهێزتری هەیە لە نوسینگەی حوکمڕانی دروست و شەفافیەت. بەداخەوە دوای دروستبوونی ئەو دەستەیەش نە گەندەڵی کەمبۆتەوە نە ئاستی شەفافیەتیش بەرزبۆتەوە لە دامودەزگاکانی هەرێم، ئەم ڕەوشەش دەکرێ بگێڕینەوە بۆ:

١. ماوەیەکی زۆر نیە کە دەستەی دەستپاکی دروست بووە و تا ئێستاش پێداویستییە مرۆیی و ماددییەکانی بۆ دابین نەکراوە بە تەواوی.

٢. ناکۆکی سیاسی نێوان حیزبەکان قوڵتر بۆتەوە، بە شێوەیەک کە بۆتە هۆی درێژکردنەوەی دەستی حیزب لە ناو حکومەت دا، ئەمەش ئیرادەی سیاسی بۆ دژەگەندەڵی کەمتر کردۆتەوە.

٣. نەبوونی پەیوەندییەک لە سەر بنەمای هاوکاری لەنێوان دەمودەزگا چاودێریی و دادوەرییەکانی هەرێم، هەروەها نەبوونی پەیوەندییەکی لەو شێوەیە لەنێوان دەسەڵاتە جیاوازەکان، یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری؛ بۆ نمونە ئەگەر پەرلەمان لەرووی چاودێری و لێپرسینەوە لاواز بێ، ئەگەر داواکاری گشتی ناچالاک بێ، ناتوانین چاوەڕوانی شتی زۆر لە دەستەی دەستپاکی بکەین.

٤. نەبوونی ستراتیژێکی نیشتیمانی بۆ دژەگەندەڵی، کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەژێر چەند ئامانج و بنەمای هاوبەش کۆبکاتەوە و وەک نەخشەرێگایەک بێ بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی.

٥. نەبوونی پسپۆڕیی و شارەزایی، راهێنان و کەرەسەی پێویست کە هۆکاری بەهێزن بۆ کارابوونی دەزگای تایبەتمەند بە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی.

دیارە ئەمانە چەند هۆکارێکن و دەکرێ ئاماژە بە هۆکاری تریش بکەین کە رێگرن لەبەردەم چالاک بوونی دەزگای تایبەتمەند بە دەستپاکی. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە گرنگە خۆی قوت دەکاتەوە کە پەیوەندی بەشێوازی تێگەشتنمان هەیە لەمەڕ دیاردەی گەندەڵی، ئەویش چۆن تەماشای گەندەڵی دەکەین؟ بە واتایەکی تر چۆن دەسەڵاتی سیاسی و دامودەزگا بەرپرس و پەیوەندیدارەکان چۆن دەڕوانن گەندەڵی، ئەم پرسیارەش پرسیارگەلێک لەگەڵ خۆی دەخاتەروو:

ئایا وەک دیاردەیەکی مەترسیدار لە گەندەڵی دەڕوانن کە پێویستی بە رووبەڕووبوونەوە هەیە، ئایا ئەولەویەت بە نەهێشتنی گەندەڵی دەدرێت یان لەپشتی ئەجێندای سیاسی ون بووە، ئایا وەک گرفتێکی دامودەزگایی یان لەسەر ئاستی تاک لێی دەڕوانرێت. بەداخەوە ئەوەی کە تائێستا ئاشکرایە ئەولەویەت بە پرسی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی نەدراوە، ئەمە لەکاتێکدا زۆر لەبەرپرسانی باڵای وڵات ئاماژەیان بەمەترسی و بەربلاوی گەندەڵی کردووە لە هەرێم. هەروەها پرسی گەندەڵی زیاتر لەسەر ئاستی تاک سەیرکراوە، واتە گەندەڵی وەک هەڵسوکەوتی یان تەماحکاری کەسانێک مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەمە لەکاتێکدا گەندەڵی لەو هەرێمە بە شێوەیەکی رێکخراو بوونی هەیە، ئەگەر باس لەوە نەکەین کە زۆرجار و بەشێوەیەکی گەورە لەچوارچێوەی یاسایی و دامودەزگایی ئەنجام دەدرێت. بۆیە سەیر نیە کاتێ خەڵک سەرسورمانی نیشان بدەن بەوەی کە حکومەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان ناتوانن رێگری لە گەندەڵی رێکخراو بکەن، یان بپرسن ئایا ئەم دیاردەیە لەبەرژەوەندی کێدایە؟ بەداخەوە دەستەوەستانی و بێباکی حکومەت و دامودەزگاکانی دیکەی پەیوەندیدار بە دژەگەندەڵی وای کردووە خەڵکی متمانەیان بەدامودەزگاکان نەمێنێ، و ئەمەش مەترسیدارترین ئاستی دیاردەی

گەندەڵییە، چونکە لێرەوە ئەم دیاردەیە وەک پرسێکی نورمال تەماشای دەکرێ، بە واتایەکی تر وەک کولتورێکی قەبوڵکراو، کە ئەرکی دەزگاکانی تایبەتمەند بە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی قورسترر دەکات.

لەپاڵ ناکارایی دامودەزگاکانی وڵات بۆ پرسی گەندەڵی، کۆمەڵگای مەدەنیش بە شێوەیەکی گشتی رۆڵێکی پەراوێزییان هەبووە. ژمارەی ئەو رێکخراوە ناحکومییانەی کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ پرسی دژەگەندەڵی کەمن، ئەمە بێجگە لەوەی کە خودی کاری رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێم ئەزمونێکی کورتی هەیەو پێویستییان بە پەرەپێدانی تواناکانیان هەیە. لەلایەکی تریشەوە نەبوونی پەیوەندییەکی دامەزراوەیی و لەسەر بنەمای هاوکاری لەنێوان رێکخراوەکان و دەسەڵاتە گشتییەکان، وای کردووە کە کاریگەری رێکخراوەکان لەسەر ئەو پرسە زۆر کەم بێ. سەرباری ئەو رۆڵە پەراوێزییە، چالاکی جۆراوجۆر لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە ئەنجام دەدرێ، بۆ نمونە کەمپینی شەفافیەت و لێپرسینەوە، یەکێکە لە دەسپێشخەرییە مەدەنییەکان. جێبەجێکردنی پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوانی دەسەڵاتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان کە وەک پاشکۆی بڕیاری ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠١٣ لە پەرلەمان دەرچووە، هۆکارێکی باش دەبێ بۆ ئەکتیڤ بوونی رۆڵی رێکخراوەکان و هاوکاریکردنی دامودەزگاکانی وڵات بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی.

دیارە لە مێدیاکان زۆر باس لە دیاردەی گەندەڵی دەکرێ، بەشێوەیەک کە رێکخراوێکی مەدەنی بەناوی ستۆپ کە پرۆژەیەکی تایبەتی هەیە بۆ بەدۆکومێنتکردنی رووماڵە مێدیاییەکانی تایبەت بە پرسی گەندەڵی. باسکردنی مێدیایی لەمەڕ کەیسەکانی گەندەڵی، کەمتازۆر کاریگەری هەبووە لەسەر تێڕوانین لە گەندەڵی وەک دیاردەیەکی کولتوری و نۆرماڵ، چونکە تا ئێستا هیچ کەیسێک کە لەلایەن مێدیاکانەوە ورووژێندرابێ، لەلایەن دامودەزگاکانەوە یان بەدواداچوونی بۆ نەکراوە یان هیچ دەرئەنجامێکی نەبووە. لەبەر ئەوەی کە جۆرێک لە دابەشبوونی سیاسی و حیزبی لەنێو مێدیاکان دا هەیە، زۆر جار روماڵە مێدیاییەکان بەهەند وەرناگیردرێن، بەڵکو وەک بابەتێکی راگەیاندن لەدژی نەیارەکان تەماشای دەکرێ. بەداخەوە رووماڵی مێدیاکانیش کەمتر پرۆفیشناڵانەیە و بەدواداچوونی مێدیایی و سەرچاوەی باوەڕپێکراو کاراکتەری سەرەکی نین لەو رووماڵانە. دەکرێ هۆکارێکی سەرەکی کێماسی مێدیایی لەپاڵ بە حیزبی بوونی مێدیاکان، جێبەجێنەکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری و یاسای رۆژنامەوانی بێ.

وەک دەبینین پرسی گەندەڵی بەشێوەیەکی بەرچاو هەیە و رۆچووە بەنێو پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان، لەسەر ئاستەکانی دارایی وکارگێڕی، یاسایی و سیاسی، تاک و دامودەزگایی بوونی هەیە. بۆ رووبەرووبوونەوەی پێویستی بە هەوڵی هەمەلایەنە و گشتگیر هەیە، دارشتنی ستراتیژێکی نیشتیمانی بۆ دژەگەندەڵی، دەکرێ یەکێک لە هەوڵە بنەڕەتییەکان بێ کە لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆبکاتەوە و تواناکانیان یەکبخات لەژێر پلانێکی هاوبەش و رێکخراو.

## ٢. چەند نمونەیەكی بەراوردكاری

لەم بەشەدا چەند نمونەی وڵاتێک دەخەینەروو لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی، هەروەها جەخت دەکەینە سەر ستراتیژی دژەگەندەڵییان، بەمەبەستی سوود وەرگرتن ەسەرکەوتووەکانی وڵاتانی تر و وانە وەرگرتن لە شکستەکانییان. لە خوارەوە نمونەی وڵاتی کۆسۆڤۆ و ئیندۆنیسیا دەخەینەروو، گرنگی ئەم دوو وڵاتە لە خوارەوە دەردەکەوێ.

**کۆسۆڤۆ**

یەکێک لەو وڵاتانەی کە لە زۆر رووەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەچێ، کۆسۆڤۆیە، بەو مانایەی کە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرە ئاینە، هەروەها بەنێو شەڕو ململانێی ناوخۆییدا تێپەڕیوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە وڵاتی دوای شەڕەکانە، بەهەمان شێوەی عێراق و هەرێمی کوردستان. کۆسۆڤۆ لەدوای سەربەخۆییەوە خاوەن سێیەم ستراتیژی دژەگەندەڵییە، یەکەمیان ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٧، دووەمیان ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١١، سێیەمیان ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٦. واتە ستراتیژی یەکەم بۆ ٣ ساڵ و دووەمیان بۆ ٤ ساڵ، هەروەها سێیەم ستراتیژی بۆ ٥ ساڵە، بەڵام دوای ٢ ساڵ هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بۆ پلانی کار (ئەکشن پلان) ی ستراتیژەکە دەکرێ.

لە کۆسۆڤۆ ئاژانسی دژەگەندەڵی بە یاسا دامەزراوە بەرپرسیارێتییەکانی بە یاسای دژەگەندەڵی ٣٤ / ٢٠٠٤ رێکخراوە، بەڵام لە ٢٠٠٦ ەوە دەستبەکار بووە، یەکێک لەئەرکەکانی ئامادەکردنی ستراتیژی دژەگەندەڵییە، ئەم کارەش ئەنجام دەدات بەهاوکاری لەگەڵ دامودەزگاکانی دیکەی پەیوەندیدارو لەگەل رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی. بەپێی ئیندێکسی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ٢٠١٤، کۆسۆڤۆ ١١٠ یەمین وڵاتە لە ١٧٥ وڵات کە لە ئیندێکسەکە دان، هەروەها ٣٣ خاڵی هەیە لە ١٠٠ خاڵ. ئەم پلەبەندییە لە ئیندێکسی ساڵی ٢٠١٥ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، کە پلەی ١٠٣ ی هەیە لە ١٦٧ وڵاتی جیهاندا. ئەمە بەبەراورد لەگەڵ عێراق کە ١٦ خاڵی هەیە و ١٧٠ یەمین وڵاتە لە ١٧٥ بۆ ساڵی٢٠١٤ و پلەبەندی ١٦١ ی هەیە لە ١٦٧ وڵاتی جیهاندا بۆ ساڵی ٢٠١٥، رەوشی کۆسۆڤۆ بە ئەندازەیەک باشترە. بەپێی راپۆرتی کۆتایی ٢٠١١ ی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا بۆ هەڵسەنگاندنی پێشکەوتنەکانی کۆسۆڤۆ، ئەو وڵاتە هەندێ پیشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە دوای کارکردن لەسەر ستراتیژی دژەگەندەڵی. جێبەجێکردنی ستراتیژییەکە لەلایەن ئاژانسی دژەگەندەڵییەوە چاودێری دەکرێت، هەروەها هەمان ئاژانس چاودێری جێبەجێکردنی یاسای رێگریکردن لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان (تضارب المصالح) لە پیادەکردنی وەزیفە گشتییەکان دەکات، کە یەکێکە لەو یاسایانەی دوای جیبەجێکردنی ستراتیژی دژەگەندەڵییەوە دەرچووە. هەر بۆ مەبەستی دژەگەندەڵی چەند یاسایەکی تریش دەرچویندراون، لەوانە؛ یاسای ئاشکراکردنی مولکی بەرپرسان، یاسای

ئاشکراکردنی دیاریی بۆ بەرپرسان، یاسای پاراستنی گەێنەری زانیاری، هەروەها یاسای موشتەریاتی گشتی.

هەندێ لە پێشکەوتنەکانی تر بریتین لە؛ دیاریکردنی رێکخەرێکی دژەگەندەڵی لە نوسینگەی دەوڵەتیی داواکاری گشتی، هەروەها داواکارێکی گشتی لەهەر نوسینگەیەکی خۆجێی داواکاری گشتی بۆ کەیسی دژەگەندەڵی دامەزرێنرا، ئەمە بێجگە لەوەی کە پەیوەندی هاوکاریی نێوان داواکارانی گشتی باشتر کراوە. کۆمەڵێ بەرپرسی باڵای وڵات و سیاسەتوان تۆمەتبار کراون لەلایەن کۆمەڵێ دادوەری ناوخۆیی بەهەماهەنگی لەگەڵ دادوەرانی ئەوروپی. بەرزکردنەوەی مووچەی دادوەران، تەواوکردنی پرۆسەی جێگۆرکێ و گۆرینی دادوەران وەک هەنگاوێکی پۆزیتیڤ دادەنرێ بۆ رێگرتن لە گەندەڵی لە ناو دەسەڵاتی دادوەری.

ساڵی ٢٠١١ لە کەمپەینی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان دا کە بەشێوەی ئۆنلاینیش رادەگەیەنرا، ٩٦ ٪ ی بەرپرسان، واتە ١٨٣٠ بەرپرس سامانی خۆیان ئاشکراکرد، تەنیا ٨٤ بەرپرس سامانی خۆیان رانەگەیاندبوو، ئەمانیش دۆسیەیان بۆ کرایەوە. پێدەچی کەمپەینەکە وبڵاوکردنەوەی بەشێوەی ئۆنلاین کاریگەری هەبووبێ لەسەر بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو بەرپرسانەی کە سامانی خۆیان ئاشکرا کرد، یەکێک لەو شێوازانەی کە بەکاردەهێنرێ بۆ رێگریکردن لە گەندەڵی. بێجگە لەمە لە کۆسۆڤۆ کۆمەڵێ کەیسی گەندەڵی دراون بە دادگاو یەکلاکراونەتەوە. هەروەها ئاژانسی دژەگەندەڵی، هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی زیاتر کردووە لەرێی پیادەکردنی کەمپەین و راهێنانی ئامانجدار. بەپێی راپۆرتی کۆمیسیۆنی ئەوروپا، ئێستا ئاژانسی دژەگەندەڵی کۆسۆڤۆ بە ئەندازەی کافی توانای بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی هەیە.

لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنانەش، کۆسۆڤۆ لەبەردەم تەحەدی گەورە دایە بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی. هێشتا توانایی و شارەزایی بۆ لێکۆڵینەوە لەو جۆرە تاوانانەی گەندەڵی سنورداره. دەسەڵاتی دادوەری پێویستە هەنگاوی پێشوەختەو خۆپارێزی (وقایی) ئەنجام بدات بۆ رێگریکردن لە گەندەڵی. هاوکاری نێوان ئاژانسی دژەگەندەڵی، پۆلیس و داواکاری گشتی پێویستە باشتر بێ. هێشتا ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسان جۆرێک لە نەگونجان نیشان دەدات لەنێوانی سامانی ئاشکراکراو و داهاتی راستەقینە. هێشتا زۆربەی پارتە سیاسییەکان بەشێوەیەکی کرچوکاڵ و ناتەواو راپۆرتە داواکراوەکان بۆ نوسینگەی تۆماری پارتە سیاسییەکان دەنێرن. وەک بینیمان لە کۆسۆڤۆ پێشکەوتن هەیە لە باشترکردنی چوارچێوەی یاسایی و دامودەزگایی، بەڵام هێشتا گەندەڵی بەشێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە، بۆ نمونە لە بواری پەروەردەو تەندروستی، و تەحەدیەکی گەورەیە بۆ دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، هەروەها هێشتا کێماسی لە جێبەجێکردن و ئیرادەی سیاسی راستەقینە هەیە.

دواجار پێویستە کەمێ باس لە ناوەڕۆک و پرۆسەی داڕشتنی ستراتیژی دژەگەندەڵی کۆسۆڤۆ بکەین، چونکە وەک بینیمان کەمتازۆر کاریگەری هەبووە لەسەر بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لەو وڵاتە. ستراکچەری ستراتیژی دژەگەندەڵی کۆسۆڤۆ بۆ ساڵەکانی ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٦ لەسەر بنەمای ستراتیژی پێشتر نووسراوە، بەڵام دوای هەڵسەنگاندن بۆ ستراتیژی پێشوو و راسپاردنی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ دیاریکردنی ئەولەویاتیی ئێستایان و پێناسەکردنی کێشەکانیان پەیوەست بە دیاردەی گەندەڵی. هەروەها ئە پێوەرانەی کە لە پلانی کاری پێشوو بە جێبەجێنەکراوی ماونەتەوە، دووبارە لە ستراتیژی نوێدا بەشێوەیەکی تر داڕێژراونەتەوە بۆ ئەوەی شایانی جێبەجێکردن بن.

بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژی دژەگەندەڵی کۆسۆڤۆ بریتیین لە:
سەروەری یاسا و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان
ئیرادەی سیاسی بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی
بەرپرسیارێتی دەزگاکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژەکەو پلانی کارەکەی
حوکمڕانی دروست، لێپرسینەوە، شەفافیەت و دەستپاکی
بێلایەنی سیاسی
چالاکی و کارامەیی
هاوکاریی نێوان دامودەزگاکان
بەشداری پێکردنی کۆمەڵی مەدەنی
هەڵسەنگاندنی زاتی

ئاڕاستەو ئەولەویاتی ستراتیژە نوێکە

ئاستی نزمی متمانەی هاوڵاتیان بە دامودەزگاکان؛
دروستکردنی متمانەی هاوڵاتیان بۆ دامودەزگاکان لەڕێی پیادەکردنی شەفافیەت، بەدەستهێنانی زانیاری، پرۆفیشینالیزم و سەربەخۆیی.

هاندانی سیاسەتی ویقائی و میکانیزمەکانی ئامۆژگاری؛
دامودەزگاکان دەبێ بە قسەو بە کردار نیشانی بدەن کە بەرپرسیارێتی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی دەگرنە ئەستۆ، مۆراڵی دەستپاکی پێویستە هەڵمەت و ڕاهێنانی بۆ بکرێ.

بەرزکردنەوەی ئاستی جێبەجێکردنی یاسا؛
لەپاڵ پێویستی ئیرادەی سیاسی بۆ جێبەجێکردنی یاساکان، دەبێ سەرچاوەکانی مرۆیی و دارایی و ژێرخان بۆ دامودەزگاکان دەستەبەر بکرێ بۆ ئەوەی چالاک و کارا بێ.

پێداچوونەوە بە سیاسەتی سزایی بۆ ئەوەی بگونجێنرێن و کاریگەر بکرێن؛

لەو رووەوە پێویستە گرنگی بە دامودەزگاکانی وەک پۆلیس، باج و گومرگ، داواکاری گشتی و دادگاکان بدرێ. تەحەدییەکان ئاسان نین کاتێ پێویستە سەربەخۆیی دادوەران زیاد بکرێ، و یەکلاکردنەوەی ئەو کەیسە کەلەکەبووانەی کە بڕیاریان لەسەر نەدراوە بۆ ئەوەی نیشانی بدەین کە دەسەڵاتی دادوەری کارایە. داواکاری گشتی پێویستە هاوکاریی لەگەڵ پۆلیس و ئاژانسی دژەگەندەڵی بەهێز بکات لە لێکۆڵینەو و کاروبارەکانی. دەبێ نیشان بدرێ کە یاسا گرنگەو بۆ هەمووان وەک یەکە، هەروەها سامانی کۆکراوەی نایاسایی دەبێ دەستی بەسەردا بگیرێ.

پەیوەندی هاوکاریی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کۆمەڵی مەدەنی؛
ئەم جۆرە پەیوەندییانە گرنگن بۆ باشترکردنی ستاندارد و بەهێزکردنی چاودێری بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی ستراتیژی دژەگەندەڵی.

سەبارەت بە ئامانجەکان لە ستراتیژەکەی کۆسۆڤۆ بە دوو شێوە داڕێژراون. پێنچ ئامانجی ئاسۆیی بە شێوەیەکی گشتگیر و بەبێ گوێدانە سێکتەر بوونی هەیە, بەڵام لەو کێشەو گرفتانەی پەیوەست بە دیاردەی گەندەڵی کە لە دامودەزگاکان و بە شێوەیەکی گشتی بوونیان هەیە سەرچاوەی گرتووە. ئامانجە ئاسۆییەکان ئەمانەن:

١. گەشەپێدانی دەسپاکی، لێپرسینەوەو شەفافیەت لە دامودەزگا گشتییەکان و بەرزکردنەوەی متمانەی هاولاتیان پێیان.
٢. برەودان بە کولتوری پراکتیکی دروست و بنەمای سفر-تولەرانس بەرامبەر بە گەندەڵی لە پەیوەندی بە پرۆسەی بەتایبەتیکردن دا (خصخصە).
٣. کاراکردنی پەیوەندی هاوکاریی نێوان سێکتەرەکان و دامودەزگاکان، هەروەها دروستکردنی میکانیزمی هەماهەنگی کارا بۆ دۆزینەوەی گەندەڵی، لێکۆڵینەوە و سکالا بەرزکردنەوە لێی.
٤. زیاتر جێبەجێکردنی ستانداردە نێودەوڵەتیەکانی دژەگەندەڵی لە چوارچیوەی یاسایی و دامودەزگایی.
٥. هاندانی چاودێریکردنی چالاکانەی دەرەکی بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی دژەگەندەڵی و باشترکردنی پەیوەندی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی

دواتر ئامانجە شاقوڵییەکان بەپێی سێکتەر خراونەتەروو، واتە بۆ هەر سێکتەرێک، ئەو سێکتەرانەی کە ئەولەویەتیان پێدراوە، چەند ئامانجێک دیاریکراون، کە پەیوەستن بە کێشەو گرفتەکانی خودی سێکتەرەکە. سەرەتا وەسفێکی دروستی دیاردەی گەندەڵی لە سێکتەرەکە کراوە، ئینجا ئامانجی تایبەتیان بۆ داڕێژراوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە. لەبەرئەوەی هەر کۆمەڵگایەک و هەر سێکتەرێک کێشەی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئێمە لێرە تەنیا ناوی سێکتەرەکان دەنووسین و زۆر بە پوختی ئاماژە بە ئامانجەکان دەکەین:

١. سێکتەری سیاسی، ئامانجەکان:

- باشترکردنی چوارچێوەی یاسایی پاڵپشتی دارایی پارتە سیاسییەکان، هەروەها باشترکردنی راپۆرتە داراییەکان سەبارەت بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان.
- کەمکردنەوەی بۆشایی و جیاوازی نێوان ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسان و سەرچاوەی سەروەت و سامانەکان.
- کاراکردنی چاودێری پەرلەمانی بۆ سیاسەتەکانی دژەگەندەڵی
- شەفافیەتی زیاتر لە دیاریکردنی پۆستە بەڕێوەبەرێتییەکان لە دامودەزگاکانی حکومەت

٢. حکومەتی خۆجێی، ئامانجەکان:

- پەرەپێدانی دەسپاکی و پرۆفیشنالیزم لە حکومەتە خۆخێیەکان.
- پەرەپێدانی شەفافیەت لە کاروباری حکومەتە خۆجێیەکان و هاندانی بەشدارییکردنی کۆمەڵی مەدەنی
- زامنکردنی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی دژەگەندەڵی لە ئاستی خۆجێیی

٣. ئیدارەی مەرکەزی (دامودەزگا مەرکەزییەکان)، ئامانجەکان:

- بنیاتنانی ئیدارەیەکی گشتی پرۆفیشنال، دور لە دەستتێوەردانی سیاسی
- زەمینەسازی بۆ ئاشکراکردنی هەر کارێکی نایاسایی لە دامودەزگا گشتییەکان و زامنکردنی پاراستنی ئەو کەسانەی کە زانیارییەکان دەخەنە بەردەست بەپێی ستانداردە جیهانییەکان
- جێبەجێکردنی ڕێسای ئاکاریی لە دامودەزگا گشتییەکان و بەگژاچوونەوەی خزمخزمێنە
- فەراهەمکردنی ئیجرائاتی دژەگەندەڵی تایبەت بۆ بوارەکانی تەندروستی، پەروەردە، باج و دەرامەت، ژینگە و پلاندانان

٤. دەزگا تایبەتەکانی جێبەجێکردنی یاسا، پۆلیس، داواکاری گشتی، دادوەری. ئامانجەکان:

- بەرزکردنەوەی ئاستی کارایی دامودەزگاکانی پۆلیس، داواکاری گشتی و دادوەری لە ڕێگرتن و ئاشکراکردن و بەگژاچوونەوەی گەندەڵی

- باشترکردنی پرۆفیێشنالیزم و سەربەخۆیی دامودەزگاکانی پۆلیس، داواکاری گشتی و دادوەری
- بنەبڕکردنی گەندەڵی لەناو خودی دەزگاکانی پۆلیس، داواکاری گشتی، دادگاکان و چاکسازییەکان (بەندیخانەکان)
- باشترکردن و جێبەجێکردنی میکانیزمی سزایی توند بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی

٥. دارایی گشتی، موشەریاتی گشتی. ئامانجەکان:

- شەفافیەت، کارایی و عەقلانیەت لە خەرجییە گشتییەکان و بەخشینەکان
- ڕێگرتن لە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی سامانی گشتی و جێبەجێکردنی هەمان چوارچێوەی یاسایی دژەگەندەڵی بەسەر دارایی گشتی
- ڕێگرتن و بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە موشتەریاتی گشتی

٦. سێکتەری تایبەت و ژینگەی بازرگانی. ئامانجەکان:

- کەمکردنەوەی مەترسییەکانی گەندەڵی لەرێی باشترکردنی ڕێنماییەکانی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
- کاراکردن و زیاترکردنی هەوڵو هاوبەشەکان بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە نێوانی کەرت تایبەت، کەرتی گشت و کۆمەڵی مەدەنی
- بەهێزکردن و جێبەجێکردنی ئیتیکی کار و بازرگانی

٧. کۆمەڵی مەدەنی و مێدیا، ئامانجەکان:

- بەهێزکردنی هاوکاری نێوان دامودەزگا گشتییەکان و کۆمەڵی مەدەنی بۆ چاودێریکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دژەگەندەڵی
- پشتیوانیکردن لە بەشداری کۆمەڵی مەدەنی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە دامودەزگا گشتییەکان دا
- پشتیوانی کردن لە رۆژنامەوانی بەدواداچوون، مێدیای لێکۆڵینەوەیی (تەحقیقی)
- بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری نێوان دامودەزگا گشتییەکان و کۆمەڵی مەدەنی و مێدیا بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەمەڕ گەندەڵی
- کاراکردنی هاوکاری نێوان دەزگا پیوەندیدارەکان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان و کاراکردنی میکانیزمەکان بۆ هەماهەنگ کردنی چوارچێوەی یاسایی دژەگەندەڵی

دیارە لە ستراتیژەکەدا بەشێک تایبەت کراوە بە گرنگی پەیوەندی و هاوکاریی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی، بۆ ئەم بەشەش چەند ئامانجێک دیاریکراوە:

- بەشداری کارا لە کاروچالاکی رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان، و دەسپێشخەرییەکان لەبواری دژەگەندەڵی
- هاندانی جیبەجێکردنی رێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەگژاوچوونەوەی گەندەڵی، هەروەها دیاریکردنی کاتبەندی و ستراتیژ بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامەی کۆمیسیۆنی ئەورووپی بۆ یاسا مەدەنی و جینائییەکانی دژ بە گەندەڵی
- بەهێزکردنی هاوکاری تەنفیزی لەگەڵ وڵاتانی تر و رێکخراوی تر، بە مەبەستی بەهێزکردنی توانای ناوخۆی بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە جیهان
- زیاترکردن و باشترکردنی هاوکاری دوولایەنە لەرێی جێبەجێکردنی چالاکی مەلموسی دژەگەندەڵی

میکانیزمەکانی چاودێری و هەڵسەنگاندن:

- ئاژانسی دژەگەندەڵی بەهاوکاری فۆکاڵ پۆینتی ئەو دامودەزگایانەی کە ئەرکی جێبەجێکردنی هەندێ ئیجرائاتیان هەیە بەپێی ستراتیژ و ئاکشن پلانەکە و بە هاوکاری کۆمەڵی مەدەنی، دوای سی رۆژ لە پەسەندکردنی ستراتیژ و ئاکش پلانەکە، وردەکاری پلانی کاری ساڵانە دابرێژن بۆ جێبەجێکردنی ئیجرائاتەکان.
- ئاژانسی دژەگەندەڵی و فۆکاڵ پۆینتەکانی راپۆرتی چاودێری ئامادە دەکەن سەبارەت بە کاریگەری ئیجرائاتە پەسەندکراوەکان.
- لە دروستکردنی دەزگای هەماهەنگی لە نێوانی دامودەزگاکانی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، وەک ئەوەی کە لە ستراتیژەکە هاتووە، ئەو پرس ئیجرائاتە ئاڵۆزانە گفتوگۆ بکرێ و پلانی جێبەجێکردنیان بۆ دابرێژرێ، بە تایبەتی ئەو ئیجرائاتانەی کە کۆمەڵی سیکتەر دەگرێتەوە.
- سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئیجرائاتی تایبەت بە پرۆگرامی پەروەردەیی و راهێنانی دژەگەندەڵی، لە ماوەی سی رۆژ دوای پەسەندکردنی ستراتیژ و ئاکشن پلانەکە، پێویستە ئاژانسی دژەگەندەڵی بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پلانی جێبەجێکردنی ساڵانەی دارێژێ.
- دامودەزگا پەیوەندیدارەکان هەر شەش مانگ راپۆرتی خۆیان سەبارەت بە جێبەجێکردنی ستراتیژ و ئاکشن پلانەکە بۆ ئاژانسی دژەگەندەڵی دەنێرن، بەڵام پێویستە دامودەزگاکان

بەردەوام راگشتی و دامودەزگاکان ئاگاداربکەنەوە لە هەنگاوەکان و ڕەوشی جیبەجێکردنی ستراتیژەکە، هەر بۆیە لەپاڵ راپۆرتی ساڵانەی ئاژانسی دژەگەندەڵی بۆ پەرلەمانی کۆسۆڤۆ، کۆمەڵێ چالاکی تر ئەنجام دەدات بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە بەهێزکردنی ئاستی متمانەی هاوڵاتیان بە سیاسەتەکانی دژەگەندەڵی، چالاکییەکان دەکرێ ئەمانە خوارەوە لەخۆ بگرێ:

- بەستنی پریس کۆنفرانس، بەتایبەتی بۆ میدیاکان، بە مەبەستی رەواج دان بە سیاسەتەکانی دژەگەندەڵی، بۆ نمونە دەکرێ لە رۆژی جیهانی دژەگەندەڵی بێ لە مانگی دوازدە.
- رێکخستنی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە گرنگی پرسەکە و ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە دەستکەوت و پێشکەوتنەکان لە بواری دژەگەندەڵی.
- باشترکردن و ئەپدەیت کردنەوەی ماڵپەڕی ئاژانسی دژەگەندەڵی و دانانی دۆکومێنتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییە پێویست و گرنگەکان.
- بڵاوکردنەوەی وتار و ستون بۆ گفتوگۆ سەبارەت بە ئیجرائاتەکانی دژەگەندەڵی کە لە ئاکشن پلانەکەدا هاتوون.

دوای دوو ساڵ ئاژانسی دژەگەندەڵی دەبێ پێداچوونەوە بە ئاکشن پلانەکە بکات بە رەچاوکردنی پێویستی و ئەولەویاتی تازە، بۆ ئەوەی بخرێنە ناو ئاکشن پلانەکەوە.

لەکۆتایی ماوەی ستراتیژەکە دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەری ستراتیژەکە بکرێت بۆ هەوڵەکانی دژەگەندەڵی لە کۆسۆڤۆ، بەمەبەستی ئامادەکردنی ستراتیژی داهاتوو، ئەم کارەش ئاژانسی دژەگەندەڵی بەهاوکاری لەگەڵ دامودەزگا پەیوەندیدارەکان ئەنجامی دەدات.

**ئیندۆنیسیا**

یەکێکی تر لەو وڵاتانەی کە ئەزمونێکی تایبەتیان هەیە بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی و شایانی لێوردبوونەوەیە، ئیندۆنیسیایە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لەو وڵاتە لە ١٩٥٠ کانەوە دەستپێدەکات، بەڵام قۆناغی نوێی پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی دوای روخانی رژێمی سۆهارتۆوە ١٩٩٨ دەستپێدەکات، وەکو ئاماژەیەک بۆ سەردەمێکی نوێ لەرووی سیاسییەوەو سڕینەوەی ئاسەواری دیکتاتۆریەت و پاشهاتە خراپەکانی، لە هەمان کاتیشدا وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ ئەو قەیرانە ئابورییەی کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیای گرتبۆوە لە ١٩٩٠ ەکان و ئەو ناڕەزاییە جەماوەرییەی کە سەریهەڵدابوو لە دژی دیاردەی گەندەڵی و خزمخزمێنە، ناڕەزاییەک کە سۆهارتۆی سەرۆکی وڵاتی ناچارکرد دەسەڵات بەجێبێڵێ.

سەرباری گەشەکردنێکی ئابوری گەورە لەو وڵاتە دوای سەربەخۆبوونی لە ١٩٤٩، بەڵام یەکێک لە رێگرە سەرەکییەکانی گەشەکردنی بازاڕ لەو وڵاتە بوونی گەندەڵییە بەشێوەیەکی بەربڵاو.

گەندەڵی لەو وڵاتە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ٣١ ساڵەی سۆهارتۆ، ١٩٦٧ تا ١٩٩٨، گەشەی کردو شێوازێکی دامودەزگایی وەرگرت. ساڵی ٢٠٠٢ پەرلەمانی ئەو وڵاتە یاسایەکی تایبەت, یاسای ژمارە ٣٠، بۆ دروستکردنی کۆمیسیۆنی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی دەردەکات و لە ساڵی ٢٠٠٣ پێنج کۆمیسیار بۆ ئەو کۆمیسۆنە، کە بە ئیندۆنیسی کورتکراوی کەی پی کەی بەکاردەهێنن، دیاریدەکرێن، هەر لە ٢٠٠٤ یش ئە کۆمیسیۆنە نوێیە توانای خۆی تاقیدەکاتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەکەیسێکی سەختدا، کاتێ دەست بەلێپرسینەوە دەکەن لە پارێزگاری هەرێمی ئاچێ بەهۆی گۆمانکردن لە سەودایەکی کڕینی چەند هەلیکۆپتەرێکی ڕوسی لە ٢٠٠٢.

بەپێی ئیندێکسی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠٠٣، ئیندۆنیسیا لە وڵاتە هەرە خراپەکانی گەندەڵی بوو، پلەی ١٢٢ لە ١٣٣ وڵاتی دونیادا، واتە تەنیا ١١ وڵات لەکۆی ١٣٣ وڵاتدا خراپتر بوون لە ئیندۆنیسیا، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٥ ئەو پلەبەندییە زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، پلەی ٨٨ لە ١٦٧ ی هەیە، واتە ئیندونیسیا لەماوەی ١٢ ساڵ دا لە هەرە خراپترین وڵاتانی دونیاوە بۆتە وڵاتێکی مامناوەندی لەرووی گەندەڵییەوە، ئەمەش گەشەکردنێکی گەورەیە و نیشانەی بوونی ئیرادە و سیاسەتی دروستە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی. ئەم پێشکەوتنە بۆ چاکسازییە یاسایی و دامودەزگاییەکانی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە، لە ناویاندا دروستکردنی کۆمیسیۆنی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی و هەندێ دەزگای دیکەی هاوکاری کۆمیسیۆنەکە. ئاژانسی دژەگەندەڵی ئیندۆنیسی بەپێی مۆدێلی ئاژانسی دژەگەندەڵی هۆنگ کۆنگ دامەزرا، کە لەسەر ٣ شێوازی بنەمایی بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی دامەزرابوو، لێکۆڵینەوە، پێشگرتن یان خۆپاراستن (وقایە)، پەروەردە یان هۆشیاریی، بەڵام لە ئاژانسی دژەگەندەڵی ئیندۆنیسی شێوازی چوارەمی بۆ زیادکرا، ئەویش بزواندنی سکاڵاو دادگاییکردن. پێدەچێ شێوازی چوارەمی کارکردن کاریگەری زۆری هەبووبێ بۆ پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لەو وڵاتە، چونکە دەسەڵاتێکی زۆر زیاتر دەخاتە بەردەستی کۆمیسیۆنی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی، هەربۆیە وەکو یەکێک لە ئاژانسە چالاک و کاریگەرەکانی دژەگەندەڵی دونیا ناسراوە.

کۆمیسیۆنی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی ئیندۆنیسی دامەزراوەیەکی نوێیەو مێژوویەکی دورودرێژی نیە، بەڵام لەماوەی ١٣ ساڵی کارکردنی تواناو ئیرادەی خۆی نیشانداوە بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی. کۆمیسیۆنەکە بەپێی یاسا تەنیا لێپرسینەوە و چاودێری بەرپرسان و دامودەزگاکانی دەوڵەت دەکات، هەروەها ئەو کەیسانە تاوتوێ دەکات کە لەسەرووی ١٠ هەزار دۆلاری ئەمریکییەوەیە. بەمشێوەیە تا ئێستا کۆمیسۆنەکە لێپرسینەوەی کردووە لە ٨٩ پەرلەمانتار، کۆمەڵێ وەزیر و پارێزگار، کۆمەڵێ دادوەر و هەتا سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریش. ئەمە وای کردووە کە بەشێک لەبەرپرسان رق هەڵگرن لە کۆمیسیۆنەکە، لە هەمان کاتیشدا پشتیوانییەکی جەماوەری زۆری هەبێ، بۆیە کاتێ لە ٢٠٠١٦ کۆمەڵێ پەرلەمانتار و لایەنی پەرلەمانی ویستیان هەمواری یاسای کۆمیسۆنەکە بکەن و دەسەڵاتەکانی کەمبکەنەوە، ناڕەزاییەکی جەماوەری

دروستبوو و کۆمەڵگای مەدەنی پشتیوانی خۆی بۆ کۆمیسیۆن راگەیاند، ئەو فشارە جەماوەرییە وایکرد کە هەمواری یاساکە رابگیردرێ.

لێرەدا پرسیارێک کە دێتە پێشەوە ئەوەیە، ئایا بەهێزیی کۆمیسیۆنەکە لە چییەوە سەرهەڵدەدات، لەخوارەوە ئاماژە بەچەند خاڵێک دەکەین:

١. بەپێی یاسا دەسەڵاتێکی فراوانی پێدراوە، نەک تەنیا دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەو بزواندنی سکاڵا، بەڵکو لە پرۆسەی دادگاییکردنی تۆمەتبارانیش بەشدارە، هەروەها توانای لێپرسینەوەی هەیە لەهەموو بەرپرس و دامودەزگایەکی وڵات، هەتا بە دەسەڵاتی دادوەریشەوە. کۆمیسیۆنەکە دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردن و چادێریکردنی هەر کەیسێکی هەیە لە قۆناغی پێش لێکۆڵینەوەوە تا قۆناغی دادگاش، واتە دەتوانێ هەر کەیسێک وەربگێتەوە لە پۆلیس و ئۆفیسی گشتی پارێزەران. پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتە لەپراکتیکدا نیشانداراوە. بێجگە لەمە کۆمیسیۆنەکە دەتوانێ چاودێری موکالەمات بکات، سەفەری دەرەوە قەدەغە بکات، فەرمان بە بانکەکان بکات بۆ بەستنی ژمارەی حیسابی، هەروەها دەتوانێ چاودێری بخاتە سەر گومانلێکراوان بەگەندەڵی.

٢. خاڵێکی دیکەی بەهێزی کۆمیسیۆنەکە لە میکانیزمی دیاریکردنی کۆمیسیارەکانە؛ هاوڵاتیان دەتوانن خۆیان بپاڵێون بۆ لێژنەیەکی تایبەت کە لە نۆ ئەندام پێکدێ و لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە دروستدەکرێ، لێژنەکە بەپێی کۆمەڵێ پێوەر و بەگەڕانەوە بۆ سەرۆکی وڵات، ١٠ کاندید هەڵدەبژێرن و لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە بۆ پەرلەمان دەنێردرێن، پەرلەمانیش ٥ لە کاندیدەکان پەسەند دەکات بۆ کۆمیسیاری کۆمیسیۆنەکە. وەک دەبینین کۆمیسیۆنەکە نەبەستراوەتەوە تەنیا بە دەزگایەکی دیاریکراوەوە، بەڵکو کۆمەڵێ دەزگا بەشدارن لە دیاریکردنی کۆمیسیارەکان، ئەمەش سەربەخۆیی زیاتر دەدات بە کۆمیسیۆنەکە.

٣. سەرچاوەیەکی دیکەی هێزی کۆمیسیۆنی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی ئیندۆنیسی، کۆمەڵی مەدەنیە. دەزگاکە پەیوەندییەکی رێکخراوی هەیە لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، تۆڕو کوالیسۆنی تایبەتی رێکخراوەکان بۆ پشتیوانی و هاوکاری کۆمیسیۆنەکە دروست بووە، کە لە بۆنە و رووداوەکاندا دەبنە پشتیوانییەکی گەورەی جەماوەری بۆ کۆمیسیۆنەکە. ئەم پشتیوانییەی کۆمەڵی مەدەنی، بۆتە هۆی جۆرێک لە متمانەی جەماوەری بۆ کۆمیسیۆنەکە، کە بەنۆرەی خۆی سەرچاوەیەکی گەورەی هێزە بۆ دەزگاکە.

٤. بوونی کۆمەڵێ دەزگای دیکە کە دەکرێ وەک پشتیوان و کارئاسانکەر بۆ کۆمیسیۆنەکە سەیر بکرێن. دەزگای چاودێری دارایی گشتی، دەستەی ژمێرکاری، دەزگای شیکردنەوە و چاودێری شۆردنەوەی پارە، ئەم دەزگایانە دیارە هەریەکەو ئەرک و ئامانجی دیاریکراوی خۆیان هەیە، بەڵام هەماهەنگی و ئاسانکاریی زۆر بۆیەکتردەکەن بەتایبەتی لەئاشکراکردنی کەیسی گەندەڵی و سەرپێچییە یاساییەکان. بەپێی یاسا ئەرکی هەماهەنگی نێوان هەموو ئەو

دامودەزگایانە لەپرسی دژەگەندەڵی بە کۆمیسۆنی دژەگەندەڵی سپێردراوە. بێجگە لەمە دوای دامەزراندنی کۆمیسۆنەکە، دەزگایەکی نوێ بەناوی دادگای دژەگەندەڵی دامەزرا بۆ تاوتوێکردنی پرسی لێکۆڵینەوەو ئیجرائاتە یاسیاییەکانی کۆمیسیۆنەکە.

## ٣. شیکردنەوەیەک بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان

زۆربەی ئەو وڵاتانەی کێشەی گەندەڵییان بە شێوەیەکی بەربڵاو تێدایە، کێشەی جێبەجێکردنی یاساشیان هەیە، ئەمە ئەگەر باس لە کێماسییەکانی چوارچێوەی یاسایی نەکەین. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین دیاردەی گەندەڵی بەستراوەتەوە بە ناکارایی دامودەزگاکانی وڵات لە جیبەجێکردنی یاساکان، ئەمە لەپاڵ حەزوخواست و بەرژەوەندی تایبەتی کەسەکان. بەڵام ئەگەر یاساکان وەک خۆیان جێبەجێ بکرێن و سیستمێکی چاودێرێکی کارا هەبێ لە بەرێوەبردنی وڵات دا، ئەوا کەسەکان بەناچاری خۆیان بەدوور دەگرن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و شوێنگەی خۆیان، بەتایبەتیش ئەگەر سیستمێکی سزایی کاریگەر لەئارادا بێ. هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو نمونانەی کە جێبەجێکردنی یاسا لە ئاستێکی نزم دایە، هەر ئەمەشە رۆڵی دامودەزگا چاودێریی و سزاییەکانی لاواز کردووە.

جێبەجێنەکردنی یاساکان لە هەر وڵاتەو هۆکاری خۆی هەیە، لە هەرێمی کوردستان تەدەخولی سیاسی و حیزبی لە دامودەزگاکان هۆکاری سەرەکییە، بەڵام هۆکاری تریش هەیە بۆ نمونە نەشارەزایی و ناتوانایی، نەبوونی هاوکاری پێویست و رێکخراو لەنێوانی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بە جێبەجێکردنی یاساکان، لاوازی دامودەزگا چاودێرییەکان. گرفتی سەربەخۆیی دادگاکان، ئاستی نزمی سەربەخۆیی و کارایی مێدیاکان، ئاستی نزمی بەشداری کۆمەڵی مەدەنی وهاوڵاتیان لە دروستکردنی برِیار و ئاگاداری لە کاروباری دامودەزگاکان. ئەمانە هەموویان ئەو تەحەدییە سەرەکییەکانەن کە دەبنە رێگر لەبەردەم هەر هەوڵێکی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، ئەمە ئەگەر باس لە کەموکورِی لەچاچێوەی یاسایی و نەگونجانی یاساکان لەگەڵ یەکتری نەکەین.

کامە ئەزمون دەکرێ بۆی بگەڕیینەوە؟ لە هەرێمی کوردستان چەند جارێک بەبڕیاری سەرۆکی هەرێم لێژنەی تایبەت و کاتی دروستکراوە بۆ پرسی چاکسازی یان بەگژاچونەوەی گەندەڵی، بەڵام هیچ یەکێک لەو هەوڵانە ئەنجامی ئەوتۆیان نەبووە، ئەمەش کاریگەری نێگەتڤی لەسەر متمانەی هاوڵاتیان هەبووە بەرامبەر هەر هەوڵێکی چاکسازی و بەگژاچوونەوەی گەندەڵی. بۆیە لەبری دروستکردنی لێژنەی کاتی، واباشترە دەزگا تایبەتمەندەکانی چاکسازی و بەگژاچوونەوەی گەندەڵی و دەزگا چاودێرییەکان کاراو بەهێز بکرێن، ئەمە بێجگە لەوەی

دروستکردنی لیژنەی کاتی لەدەرەوەی دەزگا تایبەتمەندەکان، دەبێتە هۆی درستکردنی گومان لەسەر کاروبارەکانی دەزگا تایبەتمەندەکانی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی.

هەرێمی کوردستان گرفتی نیە لە بوونی دامودەزگای پێویست بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، بەڵام گرفتی لە کارابوونی دامودەزگاکان و پەیوەندی هاوکاری نێوان دامودەزگاکان هەیە. حکومەتی هەرێم بێجگە لە نوسینگەی حوکمڕانی و دەستپاکی کە ئەرکەکەی کارکردنە بۆ حکومەتێکی چالاک و شەفاف، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی هەیە، کە ئەرکەکەی بەدواداچوونە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت لە وەزارەتەکان. بێجگە لە لیژنەی دەسپاکی پەرلەمانیش دو دەزگای تری هەیە کە کەمتازۆر سەر بە پەرلەمانن، ئەمانیش بریتین لە دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی گشتی دەسپاکی. هەروەها بێجگە لە دادگاکان و ئەنجومەنی دادوەری، داواکاری گشتی هەیە، بەڵام داواکاری گشتی لە وەزارەتی دادە، واتە سەر بەحکومەتی هەرێمە، ئەمەش دەکرێ وەک گرفتێکی سەربەخۆ بوون تەماشای بکرێ. پێشتریش هەوڵ هەبووە بۆ جیاکردنەوەی داواکاری گشتی لە وەزارەتی داد لەرێی هەموارکردنی یاساکەیان، بەڵام تا ئێستا وەزارەتی داد، واتە حکومەت، رەزامەندی نیشان نەداوە. بەهەر حاڵ ئەگەر ئەو دەزگا تایبەتمەندانە چالاک بکرێن و هەماهەنگی تەواو لەنێوانیان هەبێ، باشتر دەتوانن رووبەرووی گەندەڵی ببنەوە. رۆڵی هەمەهانگییەکەش لە پرسی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، دەکرێ بە دەستەی گشتی دەستپاکی بسپێردرێ، بە حوکمی ئەوەی بەیاسا ئەرکی نەهێشتنی گەندەڵی پێ سپێردراوە.

لێرەدا پێویستە باس لە رۆڵی پەرلەمان لە پەسەندکردنی ستراتیژی دژەگەندەڵی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی بە شێوەیەکی گشتی بکەین، چونکە پەرلەمان بە پەسەندکردنی ستراتیژی دژەگەندەڵی و ئاکشن پلانی دژەگەندەڵی نەک تەنیا هێزێکی یاسایی زیاتر بە ستراتیژەکە دەدات، بەڵکو گوزارشت لە جۆرێک لە کۆدەنگی سیاسی و نیشتیمانیش دەکات بۆ پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر زۆربەی لایەنەکانی ناو پەرلەمان پشتیوانی لێبکەن، ئەم کۆدەنگییەو پشتیوانییەی پەرلەمان دەبێتە هۆی باشتر جیبەجێکردنی ستراتیژەکە. لەلایەکی تریشەوە بەم شێوەیە پەرلەمان خۆی پابەند دەکات بە چاودێری کردنی جیبەجێکردنی ستراتیژەکە، ئەگەرچی چاودێریکردنی جیبەجیکردنی ستراتیژەکە بە شێوەیەکی تایبەت لە ئەستۆی دەستی گشتی دەستپاکی دەبێت، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ جۆرێک لە هەماهەنگی لە نێوان لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان، وەک لیژنەکانی دەستپاکی، دارایی و یاسایی هەبێت بۆ پرسی دژەگەندەڵی. هەر لەو رووەوە پەرلەمان وەک دەزگایەکی چاودێر دەبێ هەوڵی خۆی چڕبکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێ یاسای گرنگ کە وەک پێویست کاریان پێ ناکرێ، ئەو یاسایانەش کەمتازۆر هاوکار دەبن لە قوڵکردنەوەی بنەماکانی شەفافیەت و رێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات؛ بۆ نمونە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، یاسای دروستکردنی ئەنجومەنی راژە، پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوانی دەسەڵاتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان (بڕیاری پەرلەمان ژمارە ٥ ساڵی ٢٠١٣) ئەرکێکی دیکەی پەرلەمان بۆ پرۆسەی

بەگژاچوونەوەی گەندەڵی بریتی دەبێت لە هەمواركردنەوەی یان گونجاندنی یاساكارپێكراوەكان لەگەڵ ستراتیژی دژەگەندەڵی، یان لەوانەیە پێویست بە پەسەندكردنی یاسای نوێ بكات بۆ رێگریكردن لە گەندەڵی و قوڵكردنەوەی بنەمای شەفافیەت.

## ٤. پێشنیاری پرۆسەیەک بۆ ستراتیژی دژەگەندەڵی

بەگوێرەی ئەو زانیاری و شیكاریانەی كە پێشتر خرانەروو، بوونی ستراتیژێكی دژەگەندەڵی هاوكار دەبێ بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی كوردستان. بەڵام بۆ داڕشتنی ستراتیژێكی دژەگەندەڵی كە گونجاو بێ بۆ هەرێمی كوردستان و چاوەڕوانی كاریگەری پۆزەتیڤی لێ بكرێ، پێویستە چەند مەرجێك لەبەرچاوبگیرێ:

١. بەر لەهەر شتێك پێویستە ستراتیژێكی خۆماڵی بێ، بەو مانایەی هەڵقوڵاوی ئەو كێشەوگرفتانە بێ كە پەیوەستن بە دیاردەی گەندەڵی لە دامودەزگاكانی هەرێم.
٢. هەموو لایەنە پەیوەندیدارەكان بەشداربن لە داڕشتن و پەسەندكردنی.
٣. كۆدەنگی سیاسی و دامودەزگایی لەسەر بێ.

بە رەچاوكردنی ئەو مەرجانەی سەرەوە دەتوانین لایەنە سەرەكییەكانی پرۆسەی دژەگەندەڵی دیاری بكەین. سەبارەت بەوەی كێ یان كامە دامودەزگا بەشدار بن لەپرۆسەی داڕشتنی ستراتیژی دژەگەندەڵی و هەروەها دواتریش بەشداربن لە بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، پێویستە لەدیدێكی نیشتیمانییەوە لە پرسی بەشداری بڕوانین، چونكە ستراتیژەكە نیشتیمانی دەبێ و بەگژاچوونەوە دەبێتە بەرپرسیارێتی هەموو لایەك، ئەمە بێجگە لەوەی كە دیاردەی گەندڵی بەشێوەیەكی بەرفراوان هەیەو خۆی ئاخنیوەتە ناو هەموو كون وكەلەبەرێك. لەگەڵ ئەمەشدا نابێ رۆڵی تایبەتمەندی هەر دەزگایەك لەیادبكرێ، بەتایبەتیش ئەو دەزگایانەی كە بەرپرسیارێتی یاساییان هەیە بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی. لە خوارەوە ناوی ئەو دامودەزگایانە دەخەینەروو كە راستەوخۆ ئەركی بەگژاچوونەوەی گەندەڵیان هەیە، هەروەها رۆلی سەرەكیی هەر دەزگایەكیش دیاری دەكەین بۆ پرۆسەی داڕشتنی ستراتیژ و بەگژاچوونەوەی گەندەڵێ:

١. پەرلەمانی كوردستان، بە تایبەتی لێژنەكانی دەسپاكی و دارایی و یاسایی، لە پرۆسەی داڕشتن و پەسەندكردن و چاودێریكردنی ستراتیژەكە رۆلی گرنگی هەیە. پەسەندكردنی ستراتیژەكە لە پەرلەمان رەهەندێكی نیشتیمانی و پاڵپشتێكی یاسایی بە ستراتیژەكە دەدات. ئەمە

بێجگە لەوەی کە ڕێکخستنەوەی چوارچێوەی یاسایی بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی ئەرکی سەرەکی پەرلەمانە، بێگومان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢. دەستەی گشتی دەسپاکی، بەپێی یاسا ئەرکی نەهێشتنی گەندەڵی پێ سپێردراوە، بۆیە بێجگە لە ڕۆڵی بەشداری دەستە لە داڕشتن و دواتریش چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە، دەتوانێ ڕۆڵی هەماهەنگیش بگێڕێ لەنێوانی ئەو دامودەزگایانەی کە بەشدارن لە پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی.

٣. دیوانی چاودێری دارایی، بەپێی یاسا ئەرکی چاودێریکردنی خەرجییەکانی دامودەزگاکانی وڵات و چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەی وڵاتی هەیە، بەشێکی زۆری گەندەڵیش لەو بوارە ڕوودەدەن، بۆیە ڕاستەوخۆ ئەو دەزگایە پەیوەندیدارە بە پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، هەم لە داڕشتن و هەم لە چاودێریکردن.

٤. دەسەڵاتی دادوەری، ئەنجومەنی دادوەری و بەتایبەتیش داواکاری گشتی، ئەرکی جێبەجێکردنی یاساکان و پاراستنی سەروەری یاسایە، هەر کەیسێکی گەندەڵی پێویستە لەلایەن داواکاری گشتییەوە بجولێندرێ و لەلایەن دادگاکانەوە یەکلایی بکرێتەوە، بۆیە دەسەڵاتی دادوەری ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی و پێویستە بەشداربن لە داڕشتن و جیبەجێکردنی ستراتیژی دژەگەندەڵی.

٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی وەزارەتی دارایی و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، هەروەها نوسینگەی حوکمڕانی و دەستپاکی. دیارە هەموو دامودەزگاکانی حکومەت ئامانجن بۆ پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، بۆ نمونە پۆلیس، بەڵام ئەو دەزگایانەی کەناویان هێنرا ڕاستەوخۆ لایەنی بەرپرسن بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی و چەسپاندنی بنەماکانی شەفافیەت و حوکمڕانی دروست. وەزارەتی دارایی بەرپرسە لە جیبەجێکردنی سیاسەتی دارایی حکومەت و خەرجییەکان، بۆیە دەتوانن لە ڕێگریکردنی گەندەڵی ڕۆڵی بەرچاویان هەبێ. فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لەگەڵ نوسینگەی حوکمڕانی و دەستپاکیش دەتوانن بەدواداچوون و چادێری جیبەجێکردنی بڕیار و یاساکان بکەن بۆ ئەوەی دامودەزگاکان کاروباری هاوڵاتیان و وڵات چالاکانەتر جێبەجێ بکەن.

٦. کۆمەڵی مەدەنی و مێدیا (هاوڵاتیان)، کە ناوی کۆمەڵی مەدەنی و مێدیا لەپاڵ ناوی هاوڵاتیان دەهێنین مەبەستمان ئەوەیە نییە کە بەزەرورەت کۆمەڵی مەدەنی و مێدیاکان نوێنەرایەتی هاوڵاتیان دەکەن، ئەگەر چی کەمتازۆر کەناڵێکی یان پردێکی پەیوەندین لە نێوانی هاوڵاتیان و دامودەزگاکان، بەڵام کۆمەڵی مەدەنی و مێدیاکان دەتوانن چاودێر و هاوکارێکی گرنگ بن لە پرۆسەی دژەگەندەڵی دا. ئەمە بێجگە لە ڕۆلی گرنگیان لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی

دژەگەنەدەڵی و ئاشکراکردنی گەندەڵی، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئەدای دامودەزگاکان لە بەگژاچوونەوەی گەندەڵی.

دوای ئەوەی ئەکتۆرە سەرەکییەکانی پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی دیاریکرا، پێویستە هەموویان بەشدار بن لە قۆناغە جیاجیاکانی ستراتیژی دژەگەندەڵی; داڕشتن، جیبەجێکردن، چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن. بۆیە بۆ قۆناغی یەکەم، داڕشتنی ستراتیژەکە، پێویستە لێژنەیەکی هاوبەش هەبێ لە نوێنەری لایەنە سەرەکییەکان بۆ ئامادەکردنی رەشنووسی یەکەم، ئەم کارەش بە هەماهەنگی و گەڕانەوە بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بێ. قۆناغی داڕشتنی ستراتیژەکەش واچاکە دابەشکرێتە سەر سێ هەنگاو، داڕشتنی رەشنووسی یەکەم، پرۆسەی راوێژکاری، پەسەندکردنی ستراتیژەکە.

ئامادەکردنی رەشنووسی یەکەم

لەو هەنگاوەدا پێویستە لێژنەی هاوبەش داوا لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بە بەگژاچوونەوەی گەندەڵی بکات کە کێشەو گرفت و ئەولەویاتی خۆیان بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی دیاری بکەن، بۆ ئەوەی لە داڕشتنی ستراتیژەکە جێگایان بۆ بکرێتەوە، بەم شێوەیە ستراتیژەکە دەتوانێ خۆماڵی بێ و کێشەو گرفتی راستەقینەی دامودەزگاکان بکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی. بێگومان لەو هەنگاوەدا پێویستە رەچاوی ستانداردە جیهانییەکان بکرێ و سوود لە ئەزمون و شارەزایی نێو دەوڵەتی وەربگیرێت. ئەم هەنگاوە پێویستی بە کۆمەڵێ کۆبوونەوەو وۆرکشۆپ هەیە بۆ داڕشتنی رەشنووسی یەکەم.

پرۆسەی راوێژکاری

رەشنووسی یەکەم پێویستە بە پرۆسەیەکی راوێژکاریدا تێپەڕێت بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بکرێت و گوزارشت لە خواستێکی گشتی بکات. بۆ ئەوەی پەیڕەوی لە بنەمای دیموکراتیانە بکەین، پێویستە رەشنووسی یەکەم شۆڕبکرێتەوە بۆ ناو جەماوەر و زۆرترین چین و توێژ راو سەرنجی خۆیان لەسەری دەربڕن. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لە هەر پارێزگایەک وۆرکشۆپێک ئەنجام بدرێ بۆ وەرگرتنی راو سەرنجی کۆمەڵی مەدەنی و بەرپرسانی لۆکالی، دواتر بۆ یەکخستنی راو سەرنجەکان پێویست بە ئەنجامدانی کۆنفرانسێک دەکات.

پەسەندکردنی ستراتیژەکە

ئەم هەنگاوە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی بریتییە لە پەسەندکردنی ڤێرژنی کۆتایی لە لێژنەی هاوبەش، واتە دوای وەرگرتنی راو سەرنجەکان لە پرۆسەی راوێژکاری و کۆنفرانسی کۆتایی، پێویستە لێژنەی هاوبەش بگەڕێتەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی دوا ڤێرژنی

ستراتیژەکە ئامادە بکات. بەشی دووەم بریتییە لە هەڵمەتێکی لۆبی کردن کە ئەو دەزگایانە بکاتە ئامانج کە بڕیارە بە شێوەیەکی فەرمی ستراتیژەکە پەسەند بکەن. بۆ پەسەندکردنی ستراتیژی دژەگەندەڵی هەرێمی کوردستان وا بەباش دەزانین کە حکومەتی هەرێم و دواتریش پەرلەمان پەسەندی بکات، بەڵام دەکرێ تەنیا یەکێک لەو دەزگایانەش پەسەندی بکات. چالاکییەکان لەو هەنگاوە بریتین لە کاری لۆبی و سەردانکردن.

جێبەجێکردن، چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن

دوای پەسەندکردنی ستراتیژەکە بە شێوەیەکی فەرمی، قۆناغی جێبەجێکردن و چاودێریکردنی جێبەجێکردنەکە دێتە ئاراوە. دیارە ئەرکی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە دەکەوێتە ئەستۆی هەمووان، واتە هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە لە ستراتیژەکەدا کراونەتە ئامانج و ئەرک و بەرپرسیارێتییان بۆ دیاریکراوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە ئاکشن پلانی پاشکۆی ستراتیژەکەدا لایەنی بەرپرسیار و لایەنی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی چالاکی و ئیجرائاتەکان پێویستە دیاریکراو بن. بەلام ئەو دەزگایەی کە پێویستە هەماهەنگی بکات بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژەکە و چاودێریکردنی جێبەجێکردنەکەی، بێگومان دەستەی گشتی دەسپاکی دەبێت بە حوکمی ئەرکە یاسایی و دەزگاییەکەی، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر. نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە پەرلەمان وەکو دەزگایەکی فەرمی چاودێریکردن بەشدارە لەکۆی پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی.

بۆ ئەم مەبەستە پێوسیتە سیستمێکی چادێریکردن هەبێ، ئەمەش لەرێی بوونی سیستمێکی راپۆرتینگ لە نێوانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە جێبەجێکردنی ئاکشن پلانەکە و دەستەی گشتی دەسپاکی، بۆ نمونە لایەنە جێبەجێکارەکان راپۆرتی وەرزی سەبارەت بە جیبەجێکردنی چالاکی و ئیجرائاتەکان بنێرن بۆ دەستەی گشتی دەسپاکی و ئەمانیش بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی خۆیان بکەن. هەروەها پێویستە دەستەی گشتی دەسپاکی راپۆرتی سالانەی هەبێ سەبارەت بە جیبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی ستراتیژەکە. بێجگە لەمانەش پێویستە هەر دوو ساڵ جارێک هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ ستراتیژەکە بکرێ و پێداچوونەوە بە ئاکشن پلانەکە بکرێ بۆ گونجاندنەوەی لەگەڵ بارودۆخی نوێ.

## ٥. دەرئەنجام و راسپاردەکان

دیاردەی گەندەڵی لە عیراق و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەربلاو هەیە، ئەمە هەم بەپێی راپۆرتی چاودێرانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، هەم بەگوێرەی تێگەیشتنی هاولاتیان. لە هەرێمی کوردستان دامودەزگا بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی بەزیادەوە هەیە، بەلام پێویستە کارا بکرێن و

هەماهەنگ بکرێن بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆیان بەپێی یاسا بگێڕن. سەرباری ئەوەی کە دەستەی گشتی دەسپاکی کە بەپێی یاسا ئەرکی نەهێشتنی گەندەڵی پێ سپێردراوە، لەپاڵ دامودەزگاکانی دیکەی پەیوەندیدار بە بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، تا ئێستا نەتوانراوە هەنگاوی جدی بهاوێژرێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکی سەرەکی، لەوانە:

دەستەی گشتی دەسپاکی دەزگایەکی نوێیەو هێشتا ڕاهێنان و شارەزایی و سەرچاوەی زیاتری پێویستە؛ ناکۆکی سیاسی و حیزبایەتی لەناو دامودەزگاکانی هەرێم ڕێگر بووە لە بەدامەزراوەیی بوونی دامودەزگاکان و چالاک بوونیان بۆ جیبەجێکردنی یاساکان دوور لە دەستێوەردانی حیزبی؛ هەماهەنگی تەواو لە نێوانی دەسەڵاتەکان و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بە بەگژاچوونەوەی گەندەڵی نەبووە؛ نەبوونی ستراتیژێکی نیشتیمانی بۆ دژەگەندەڵی کە گوزارشت لە ئیرادەی سیاسی بکات و نەخشەڕێگایەک بێ بۆ کۆکردنەوەی تواناکان و دیاریکردنی بەرپرسیارێتی هەر لایەک بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی.

بێجگە لەو هۆکارانەی کە باسکران، دەسەڵاتدارنی هەرێم پرسی گەندەڵییان وەک دیاردەیەکی هەڕەشەئامێز بۆ سیستمی ئابوری و حوکمڕانی هەرێم تەماشا نەکردووە، بەڵکو زیاتر لەسەر ئاستی تەماحکاری تاک سەیری کراوە، ئەمە وای کردووە دامودەزگاکان نەتوانن بە جدی و بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕێگری لەگەندەڵی بکەن، ئەو حالەتە وای کردووە هاوڵاتیان متمانەیان بە دامودەزگاکان نەبێ بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو دیاردەیە، کە ئەمەش زەنگێکی زۆر مەترسیدارە بۆ پرسی شەرعییەتی دامودەزگاکان، ئەوکات گەندەڵی وەک دیاردەیەکی نۆرماڵ و قەبوڵکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، کە مەترسیدارترین دۆخی گەندەڵییە. ئەمە لەکاتێکدا کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و مێدیاکان، بەهۆی بە حیزبی بوونیان و کەم ئەزمونیان، نەیانتوانیوە چاودێریکی ڕاستەقینە بن و فشاری کاریگەر دروست بکەن لەسەر دەسەڵاتداران و دامودەزگاکان بۆ بەهەند وەرگرتنی دیاردەی گەندەڵی.

لەو ڕوانگەیەوە یەکەم هەنگاوی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی داڕشتنی ستراتیژێکی نیشتیمانی دژەگەندەڵییە، کە کێشەو گرفتە دامودەزگاییەکانی هەرێم بکاتە ئامانجی خۆی. پێشمەرجی سەرکەوتنی ستراتیژەکە بەشداری دامودەزگا پەیوەندیدارەکانە لەداڕشتن و جێبەجێکردنی. نمونە و ئەزمونی وڵاتان پێمان دەڵێ بەهێزی و سەرکەوتوویی دەزگا تایبەتمەندەکانی دژەگەندەڵی بەندە بە کۆمەڵێ فاکتەرەوە. لەوانە:

1. سەربەخۆیی دەزگاکە، ئەمەش لە شێوازی دیاریکردنی کۆمیسیارەکان و ئەو دەسەڵاتانەی کە بەپێی یاسا پێی دەدرێ.

2. هەماهەنگی دامودەزگایی لەنێوان هەموو ئەو دەزگایانەی کە کەمتازۆر پەیوەندیان بە بەگژاچوونەوەی گەندەڵییەوە هەیە، بەشێوەیەک کە رۆڵی هەماهەنگی یان رێکخەرییەکە بسپێردرێت بە دەستەی دەستپاکی.
3. پشتیوانی جەماوەریی بۆ دەستەی دەستپاکی، ئەمەش لەرێی دروستکردنی پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ و دامەزراوەیی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی و بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی.

# ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان سالی ٢٠١٧ تا سالی ٢٠٢١

## سەرەتا و پێشینە

لە هەرێمی کوردستان پرسی گەندەڵی بەشێوەیەکی فەرمی و نافەرمی باسی لێوە دەکرێ، واتە لەسەر ئاستی میدیایی، سیاسی و دامودەزگان. لەم چەند ساڵەی دواییدا، باسکردن لە پرس و پرۆژەی چاکسازی بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە ئەجێندای پەرلەمان و حکومەت دابووە. دامەزراندنی دەستەی دەسپاکی لە ساڵی ٢٠١٣ ئاماژەیەکە بۆ بوونی گەندەڵی و هەوڵی رووبەڕووبوونەوەی، چونکە بەپێی ئەو یاسایەی کە دەستەی دەسپاکی لەسەر دامەزراوە (ژمارە ٣ ساڵی ٢٠١١، هەمواری یەکەمی بە یاسای ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤)، ئامانجی دروستکردنی دەزگاکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە.

بەپێی راپۆرتەکانی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی عێراق لە خراپترین ئەو وڵاتانەیە کە گەندەڵی بە شێوەیەکی بەربڵاو تیایە، دیارە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عیراق و کەم تا زۆر ئاماژەکانی ئەو رێکخراوە بۆ هەرێمی کوردستانیش جێی هەڵوەستەیە. بەپێی ئیندێکسی ساڵی ٢٠١٥ ی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، عێراق پلەبەندی ١٦١ ی هەیە لە کۆی ١٦٧ وڵاتی جیهاندا، واتە تەنیا ٦ وڵات لە عێراق خراپترن. بەهەر حاڵ ئەگەر ئەو ئیندێکسە دەقاودەق بۆ هەرێمی کوردستان دروست نەبێ، بەڵام ئێمە ئەم دەرئەنجامانە بەهەند وەردەگرین. چونکە لە هەرێمی کوردستان، گەندەڵی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەم پێشەکەوتنی دامودەزگاکان و کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی. لەلایەکی ترەوە گەندەڵی هۆکارێک بووە بۆ ناعەدالەتی کۆمەلایەتی و تێکچوونی شیرازەو بەها کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتییەکان. رووبەڕووبوونەوەی ئەو پەتایە پێوستی و ئەرکێکی هەمەلایەنە.

له هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٨ لێژنەیەکی وەزاری "سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی" دەرکرد، کە دروستکردنی چەند لێژنەیەکی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لێکەوتەوە بۆ ڕێکخستنی سیستمی دادوەری، کارگێڕی، پرۆژەکان و ڕاگەیاندن. بۆ یەکەمجار لێژنەی دەسپاکی لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ پێکهێنرا، لە ساڵی ٢٠١٠ لە ئەنجومەنی وەزیران نوسینگەی حوکمڕانی و دەسپاکی دەست بەکاربوو، ئەرکەکەشی بریتی بوو لە کارکردن بۆ حکومەتێکی چالاک و شەفاف, ساڵێک دوای دروستبوونی ئەم نوسینگەیە دەسپێشخەریەک بەناوی ستراتیژی حوکمڕانی دروست و شەفافیەت دەرچوو. ساڵی ٢٠١١ پەرلەمانی کوردستان یاسای دەستەی گشتی دەسپاکی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد، کە بە پێی ئەو یاسایە دەستەی دەسپاکی دەبێ دابمەزرێ کە بەپێی ماددەی سێهەمی یاساکە ئەرکی سەرەکی ئەو دەستەیە بریتی دەبێت لە جێگیرکردنی میکانیزمێکی کارا بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی سەروەری یاسا، نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و پشتیوانیکردن لە شەفافیەت. بەڵام دەستەی دەسپاکی ساڵی ٢٠١٣ دامەزرا. بەڵام ئەو چوارچیوە یاسایی و دامودەزگاییەی کە تا ئێستا هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵیی ناکارابوون، ئەمەش بەهۆی ناکۆکی سیاسی، هۆکاری کارگێڕیی، گرفتی یاسایی ونەبوونی هۆشیاریی پێویست.

ناکۆکی سیاسی نێوان حیزبەکان کاریگەری نێگەتیڤی هەبووە بۆ ئیرادەی سیاسی بۆ دژەگەندەڵی. نەبوونی پەیوەندیی و هەماهەنگی لە سەر بنەمای هاوکاری لەنێوان دامودەزگاکانی یاسادانان و چاودێریی، جێبەجێکردن و دادوەریی، هەروەها نەبوونی پەیوەندییەکی لەو شێوەیە لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، زەمینەی خۆشکردووە بۆ پەرەسەندنی گەندەڵی. هەروەها نەبوونی پسپۆڕیی و شارەزایی، ڕاهێنان و کەرەسەی پێویست هۆکاری بەهێز بوون بۆ ناکارایی پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

ئەم ستراتیژە، کە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و لەژێر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (UNCAC), بە پشتیوانی لۆجستی دامەزراوەی وێستمینیستەر بۆ دیموکراسی (WFD) نووسراوەتەوە، هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارو کاریگەرە نێگەتیڤانەی کە باسکرا، هەوڵێکە بۆ داڕشتنی ڕوئیایەکی نیشتیمانی بۆ دژەگەندەڵی، کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەژێر چەند ئامانج و بنەمای هاوبەش کۆبکاتەوە و وەک نەخشەڕێگایەک بێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردە و کولتوری گەندەڵی. لەم ستراتیژە گەندەڵی وەک دیاردەییەکی بنەمایی و دامودەزگایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا

هۆشیاری و توانایی تاکەکان جەختی لەسەر دەکرێتەوە. لەم ستراتیژە میکانیزمەکانی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لەسەر چوار ئاستی سەرەکی داڕێژراوە؛ خۆپاراستن یان ڕێگریکردن لە گەندەڵی، جێبەجێکردنی یاسا، هۆشیاری و ڕاهێنان، هەروەها هەماهەنگی و هاوکاری نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان؛ هەماهەنگی نێوان دامودەزگاکان و کۆمەڵی مەدەنی.

ماوەی ئەم ستراتیژە پێنج ساڵە، سەرەتای ٢٠١٧ بۆ کۆتایی ٢٠٢١ کاری پێدەکرێت. جگە لە ناوەڕۆکی ستراتیژەکە، دوو پاشکۆی هەیە کە ڕێکارەکانی جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ستراتیژەکە دەستنیشان دەکەن، ئەمانیش بریتین لە پاشکۆی پلانی جێبەجێکردن و پاشکۆی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن.

## چۆنیەتی داڕشتنی ستراتیژیەکە

شێوازی جیاواز پەیڕەوکراوە بۆ داڕشتنی ئەم ستراتیژە، بنەمای سەرەکی ئەوە بووە کە ستراتیژەکە خۆماڵی بێ، واتە لە گرفتە ناوخۆییەکان، گرفتە دامودەزگاییەکانی هەرێمەوە سەرچاوەی گرتبێ، بێگومان ئەمە لەپاڵ سوود وەرگرتن لە ئەزمون و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان. بنەمایەکی تر ئەوە بووە کە هەموو لایەن و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی رووبەرووبونەوەی گەندەڵی بەشێوەیەک بەشداربن لە داڕشتنی ستراتیژەکە، بەواتایەکی تر ستراتیژێک کە نیشتیمانی بێ.

پرۆسەی داڕشتنی ئەم ستراتیژە کۆمەڵێ شێواز و قۆناغی جیاواز لەخۆ دەگرێ، بە شێوەیەکی گشتی بەم قۆناغانەدا تێپەڕیوە:

١. سەردان و کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان
سەرەتای پرۆسەکە بە سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەستی پێکرد بۆ روونکردنەوەی پڕۆژەکەو وەرگرتنی ڕەزامەندییان کە ببن بە بەشێک لە پرۆسەی داڕشتنی ستراتیژەکە، هەروەها دیاریکردنی نوێنەریان بۆ کۆبوونەوەیەکی فراوان. ئەو لایەنانەی کە سەردانیان کراو کۆببونەوەی تایبەتیان لەگەڵ سازکرا بریتی بوون لە پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەتیش هەردوو لێژنەی نەزاهەو دارایی، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی دادوەری، داواکاری گشتی و ئەنجومەنی شورا لە وەزارەتی داد، دەستەی دەسپاکی، دیوانی

چاودێری دارایی، وەزارەتی دارایی. دوای سەردانەکان کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان لایەنەکانی ناوبراو، خاوەن بەرژەوەندی، سازکرا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێوستی ستراتیژێک بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، ستراتیژەکە چۆن بێ و چ کێشەو گرفتێک لەخۆ بگرێ. ئەم قۆناغە لە مانگەکانی ٦ و ٧ ی ٢٠١٥ بەڕێوەچوو.

٢. ئامادەکردنی توێژینەوەیەک بۆ هێڵە گشتییەکانی ستراتیژەکە

لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکە تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ توێژینەوەیەک لەبارەی هێڵە گشتییەکانی ستراتیژێک بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، ئامادەکرا لەلایەن شارەزایانی بوارەکە. ئەم توێژینەوەیە کە وەک نەخشەرێگایەک بوو بۆ دارشتنی ستراتیژەکە، جگە لە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندی بە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، هەروەها ئەزمونی نێودەوڵەتی لەو بوارە، توێژینەوەکە پێشنیاری ستراکچەرو مۆدێلێکی دیاریکراوی لەخۆگرتبوو بۆ دارشتنی ستراتییژی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

٣. دروستکردنی لیژنەی ئامادەکردنی ستراتیژەکە

لە مانگی ١٠ ی ٢٠١٥ لیژنەیەکی بچوکتر لە لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکهات بە مەبەستی ئامادەکردنی رەشنووسی ستراتیژەکە، بە نوێنەرایەتی ئەم لایەنانە: دەستەی دەسپاکی، دیوانی چادێری دارایی، لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی دادوەری، داواکاری گشتی. مەبەست لە دروستکردنی ئەو لیژنەیە ئاڵوگۆرکردنی زانیاری تایبەت بەو دەزگایانە بە شیوەیەکی راستەوخۆ لەڕێی نوێنەرەکانیانەوە. ئەم لیژنەیە لە سەرەتای ٢٠١٦ کۆبوونەوەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام دەست پێکرد، ریککەوتن کرا لەسەر چۆنیەتی کارکردن بۆ دارشتی ستراتیژەکە، ستراکچەری ستراتیژەکە و ماوەی ستراتیژەکە. تا کۆتایی ٢٠١٦ کار لەسەر دارشتنی ستراتیژەکە قۆناغ بە قۆناغ کراوە، سەرەتا رەشنووسی سەرەتایی لەلایەن شارەزایەکی خۆماڵی، کە سەرپەرشتی پرۆسەی دارشتنەکەی دەکرد، دەنووسرایەوەو دواتر لە کۆبوونەوەی لیژنە، لەلایەن نوێنەری دەزگاکانەوە، گفتوگۆی لەسەر دەکراو رێککەوتن لەسەر دارشتنی کۆتایی دەکرا.

٤. دابەشکردنی فۆرمی پرسیار

بەر لە دەستپێکردنی دارشتنی ستراتیژەکە فۆرمێکی پرسیار ئامادەکرا، کە لە ٢٠ پرسیار پێکهاتبوو، تەوەری پرسیارەکان بریتی بوون لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم دامودەزگاکان بۆ

رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، ڕێکارە ناوخۆییەکان بۆ ڕێگرتن و رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، چوارچێوەی یاسایی، ئاستی هەماهەنگی نێوان دەزگاکان بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، هەروەها ئاستی هەماهەنگی دەزگاکان لەگەڵ مێدیاو کۆمەڵی مەدەنی بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی. فۆرمی پرسیارەکان لەرێی نوێنەرەکانیان نێردرا بۆ دەزگاکانی ئەندام لە لێژنەی ئامادەکردنی ستراتیژەکە: دەستەی دەسپاکی، دیوانی چاودێری دارایی، داواکاری گشتی و ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی دادوەری. پرسیارەکان لەلایەن نوێنەری بەشە جیاجیاکانی ئەو دەزگایانە وەڵام درانەوە. فۆرمەکان بەشێوەیەکی گشتی زانیاری گرنگی خستە بەردەست لێژنەی ئامادەکردنی ستراتیژەکە، زانیاری لەبارەی تەوەرو پرسیارەکانی سەرەوە.

٥. فۆکەس گروپ

شێوازێکی تری کۆکردنەوەی زانیاری و هاوبەشی پێکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پرۆسەی دارشتی ستراتیژەکە، بریتی بوو لە سازکردنی کۆمەڵێ فۆکەس گروپ لەو دەزگایانەی کە پەیوەندیدارن بە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی و ئەندامن لە لێژنەی ئامادەکردنی ستراتیژەکە، بەتایبەتی، دەستەی دەسپاکی، دیوانی چادێری دارایی، داواکاری گشتی و ئەنجومەنی وەزیران بە بەشداری بەشە جیاجیاکانی ئەو دەزگایانە. لەو فۆکەس گروپانە، کە لە مانگەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ ی ٢٠١٦ ئەنجام دران، زانیاری پێویست وەدەستهێنرا بەتایبەتی بۆ پلانی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە.

٦. پۆلیسی پەیپەر

لە بەرەبەری قۆناگەکانی کۆتایی دارشتنی رەشنوسی ستراتیژەکە چەند شارەزایەکی خۆماڵی راسپێردران بۆ ئامادەکردنی چەند پۆلیسی پەیپەرێک لە سێ سێکتەری ستراتیژەکە بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، سێکتەری دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا، سێکتەری هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کۆمەڵی مەدەنی، هەروەها سێکتەری سیاسی. ئامانج لەو پۆلیسی پەیپەرانە وەدەستهێنانی زانیاری دروست بوو بۆ پێشینەی هەر سێکتەرێک و پێشنیاری چارەسەری بۆ گرفتەکانی هەر سێکتەرێک بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی.

٧. بەراورکردنی رەشنوسەکە بە ئەزمونی نێودەوڵەتی

دوای ئامادەکردنی رەشنوسی ستراتیژەکە، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە رەشنوسی ستراتیژی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان گونجاوە، ۆرکشۆپێک لەنێوانی ئەندامانی لێژنەی ئامادەکردنی رەشنوسەکەو شارەزایانی نێودەڵەتی لە عەمان

مانگی ١ ی ٢٠١٧ ئەنجام درا، لە ۆرکشۆپەکەدا، رەشنوسی ستراتیژەکە خوێندنەوەی وردی بۆ کراو بەراورد کرا بە ئەزمونی نێودەوڵەتی و مۆدێلە سەرکەوتووەکانی جیهان.

٨. راوێژکردن لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی
دوای بەراوردکردن و سوودوەرگرتن لە ئەزمونی نێودەوڵەتی پرۆسەیەکی راوێژکاری لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی بەڕێوەچوو لە مانگی ٢ی ٢٠١٧. لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان ٣ ۆرکشۆپ بەبەشداری ئەکتەر و چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەنجام درا، لەو ۆرکشۆپانە دوایین سەرنجەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەبارەی رەشنوسەکە کۆکرانەوەو سوودیان لێ بینرا.
ئەوەی باسکرا لەسەرەوە قۆناغە سەرەکییەکانی داڕشتنی ئەم ستراتیژەیە، ئەگینا سوود لەزۆر سەرچاوەو شێوازی تر وەرگیراوە، لە پرۆسەیەکی هەمەلایەنەو دیموکراسیانە ستراتیژەکە دەوڵەمەندکراوە و کۆدەنگی لەسەر دروستکراوە.

## پێناسەی گەندەڵی

لەم ستراتیژە بە شێوەیەکی گشتی گەندەڵی بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی شوێن و دەسەڵاتی گشتی بۆ سوودی تایبەتی، هەروەها ئەو ستراتیژە بەشێوەیەکی تایبەتی، دەیەوێ ئەو دیاردانە وەک گەندەڵی بناسێنێ و رووبەروویان بێتەوە کە لە یاسای دەستەی دەسپاکی ژمارە ٣ ساڵی ٢٠١١ دا و یاسا بەرکارەکانی تری هەرێمی کوردستان و رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا، ئاماژەیان پێکراوە

## روئیا

ئەم ستراتیژە دەیەوێ لە هەرێمی کوردستان:

کۆمەڵگایەک بنیات بنرێ کە سیستمێکی چالاکی دژەگەندەڵی تیا بەرقەرار بێ، و بتوانێ بەشێوەیەکی کاریگەرانە رووبەرووی هەڕەشەکانی گەندەڵی ببێتەوە.

## ئەرک

لەم ستراتیژەدا دەسەڵاتە گشتییەکان لەسەر ئاستە جیاوازەکانی حوکمڕانی بە ئەرکی خۆیانی دەزانن رووبەرووی گەندەڵی ببنەوە لەرێی باشترکردنی چوارچێوەی یاسایی، چالاککردنی ئاستی دامودەزگایی، هەماهەنگی و پەرەپێدانی توانای مرۆیی. هەروەها هەرێمی کوردستان، بەردەوام دەبێ لە پەرەپێدانی پەیوەندی و هەماهەنگی لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی.

## ئامانجە گشتییەکان

١. گەشەپێدانی دەسپاکی و لێپرسینەوەو شەفافیەت لە دامودەزگا گشتییەکان و بەرزکردنەوەی متمانەی هاوڵاتیان پێیان.
٢. برەودان بە کەلتور و هۆشیاریی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لەسەر ئاستی پەروەردەیی و دامودەزگایی (دامەزراوەیی).
٣. کاراکردنی پەیوەندی هاوکاریی نێوان سێکتەرەکان و دامودەزگاکان، هەروەها دروستکردنی میکانیزمی هەماهەنگی کارا بۆ دۆزینەوەی گەندەڵی، لێکۆڵینەوە و سکاڵا بەرزکردنەوە لێی.
٤. زیاتر جێگیرکردنی ستانداردە نێودەوڵەتیەکانی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لە چوارچیوەی یاسایی و دامودەزگایی.
٥. هاندانی چاودێریکردنی چالاکانە لە دەرەوەی دامودەزگا فەرمییەکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و باشترکردنی پەیوەندی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی.

## بنەماکان

ئەم ستراتیژە لەسەر ئەو پرەنسیپە گشتییانەی خوارەوە بنیاتنراوە، هەموو ئەو چالاکییانەی کە رێکدەخرێن پەیوەست بەو ستراتیژە، پێوسیتە لەژێر رۆشنایی ئەو پرەنسیپانە ئەنجام بدرێن:

- سەروەری یاسا و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان

هەموو دامودەزگاکان لەسەریانە کە پابەند بن بە ڕێکارە یاساییەکان وجێبەجێیان بکەن، هەروەها هەلی یەکسان و ئازادی بڕەخسێنن بۆ ئەو کەسانەی کە نایاساییان بەرامبەر کراوە یان مافیان پێشێلکراوە داوای جێبەجێکردنی یاسا بکەن.

- ئیرادەی سیاسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

نیشاندانی ئیرادەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەلایەن بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان و سەرکردەی حیزبەکان.

- بەرپرسیارێتی دەزگاکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژەکەو پلانی کارەکەی

هەموو دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بەرپرسیارێتی داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاساتی دژەگەندەڵی تایبەت بەخۆیان بگرنە ئەستۆ بەپێی ئەم ستراتیژە.

- حوکمڕانی دروست، لێپرسینەوە، شەفافیەت و دەسپاکی

دامودەزگاکان سیاساتی خۆیان بگونجێنن لەگەڵ باشترین پراکتیکی دژەگەندەڵی، بۆ نمونە دەزگاکان و کارمەندانیان بەرپرسیارێتی بڕیار و کردەوەکانیان بگرنە ئەستۆ، پەیڕەوی لە کرانەوە بکەن، بەتایبەتی خستنەبەردەستی زانیاری و بەشداریپێکردنی هاوڵاتیان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، پەیڕەویکردن لە بنەما ئیتیکییەکان بۆ پاراستنی نەزاهەی دەزگاکەو کارمەندانی.

- بێلایەنی سیاسی لە کارکردن

بەهێزکردنی سەربەخۆیی دامودەزگایی بەشێوەیەک کە نەکەوێتە ژێر کاریگەری دەرەکی.

- چالاکی و کارامەیی

دامودەزگاکان لەچوارچێوەی بەرپرسیارێتی و پسپۆڕیی خۆیان پێشکەوتنەکانی خۆیان بپێون لە سەر بنەما و لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕێکارانەی کە جێبەجێ دەکرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ڕێکخراو.

- هاوکاریی نێوان دامودەزگاکان

نیازپاکی لە هەماهەنگی و هاوکاری بکرێتە بنەمای کارکردنی نێوان دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژەو پلانی جێبەجێکردنەکەی لەژێر رۆشنایی ئامانج و بنەماو ئەولەویاتەکانی ئەم ستراتیژە.

- بەشداری پێکردنی کۆمەڵی مەدەنی و میدیا

هاندانی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان کە هاوکاری و هەماهەنگیان لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی و میدیا پتەو بکەن.

- بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی زاتی

دامودەزگا پەیوەندیدارەکان هەڵسەنگاندنی دەوری بۆ مەترسییەکانی گەندەڵی و سەرهەڵدانی گەندەڵی بکەن، بەمەبەستی باشتر جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژەو پلانی جێبەجێکردنی.

## ئاڕاستەو ئەولەویات

### ١. ئاستی نزمی متمانەی هاولاتیان بە دامودەزگاکان؛

دروستکردنی متمانەی هاولاتیان بۆ دامودەزگاکان لەرێی پیادەکردنی شەفافیەت، کەمکردنەوەی رۆتین، بەدەستهێنانی زانیاری، پیشەیی بوون و سەربەخۆیی.

### ٢. هاندانی سیاسەتی خۆپاراستن و داڕشتنی میکانیزمی راهێنان؛

دامودەزگاکان دەبێ بە قسەو بە کردار نیشانی بدەن کە بەرپرسیارێتی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەگرنە ئەستۆ، مۆراڵی دەسپاکی پێویستە هەڵمەت و راهێنانی بۆ بکرێ.

### ٣. بەرزکردنەوەی ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان؛

لەپاڵ پێویستی ئیرادەی سیاسی بۆ جێبەجێکردنی یاساکان، دەبێ ڕێکارەکانی چاودێری یاساکان بەهێزبکرێ، هەروەها سەرچاوەکانی مرۆیی و دارایی و ژێرخان بۆ دامودەزگاکان دەستەبەر بکرێ بۆ ئەوەی چالاک و کارا بن.

## ٤. پێداچوونەوە بە سیاسەتی سزایی بەمەبەستی گونجاندن و کاریگەر کردنیان؛

لەو رووەوە پێویستە: ١. گرنگی بە دامودەزگاکانی وەک پۆلیس، باج و گومرگ، داواکاری گشتی و دادگاکان بدرێ، ٢. پێویستە سەربەخۆیی دادوەران پارێزراوتر بێ، ٣. ژمارەی دادوەرو دادگاکان زیادبکرێ، ٤. یەکلاکردنەوەی ئەو کەیسە کەڵەکەبووانەی کە بڕیاریان لەسەر نەدراوە بۆ ئەوەی نیشان بدرێ کە دەسەڵاتی دادوەری کارایە، ٥. پێویستە هاوکاری نێوان داواکاری گشتی لەگەڵ پۆلیس و ئاژانسی دژەگەندەڵی بەهێز بکرێت لە لێکۆڵینەو و کاروبارەکانی، ٦. دەبێ نیشان بدرێ کە یاسا گرنگەو بۆ هەمووان وەک یەکە.

## ٥. پەیوەندی هاوکاریی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کۆمەڵی مەدەنی؛

ئەم جۆرە پەیوەندییانە گرنگن بۆ باشترکردن و بەهێزکردنی چاودێری بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی ستراتیژی دژەگەندەڵی.

## ٦. بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ؛

بۆ ڕێگرتن و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، کەمکردنەوەی رۆتین و بیرۆکراتیەت، هەروەها شەفافیەتی زیاتر.

# ئەولەویات و ئامانجەکان بەپێی سێکتەر:

## ١. سێکتەری سیاسی

پێشینە

ئەکتۆری سەرەکی سێکتەری سیاسی لە هەرێمی کوردستان پارتە سیاسییەکانن، هەروەها بەرپرسە حیزبییەکان کە بەشێکی زۆریان لەناو دامودەزگاکانی حکومەت و پەرلەمان دان، لە هەمان کاتیشدا بەشێکی باڵادەستیشیان لەدەرەوەی دامودەزگا فەرمییەکانن و پۆستی حیزبیان

هەیە، بەڵام کاریگەری زۆریان لەسەر دامودەزگاکان هەیە، ئەمە لەکاتێکدا زۆر بەرپرسی باڵای حکومی لەسەر بنەمای کارامەیی و شارەزایی دانانرێت، بەپێی پرەنسیپی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، ئەمەش دەبێتە هۆی ناکارایی دامودەزگا سیاسییەکان کە بڕیاری گرنگ دەردەکەن.

داهات و سەرچاوەی دارایی بەرپرسانی حیزبی، ئەگەر پۆستی حکومیشیان هەبێ، لەدەرەوەی چاودێری دامودەزگاکانە. ئاشکرانەبوونی سەروەت و سامانی بەرپرسان و ناکارایی دامودەزگا چاودێرییەکان لەبەرامبەر ئەماندا، زەمینەیەکی فراوانی لەبەردەم تەشەنەکردنی گەندەڵی خۆشکردووە، سەروەتی کەڵەکەبووی بەرپرسانی سیاسی لەماوەیەکی کەمدا، گومان و ئاماژەی گەندەڵی لەخۆدەگرێ. بەشیوەیەکی گشتی سەرچاوەی دارایی حیزبەکان بەپێی یاسای پاڵپشتی دارایی حیزبەکان بەڕێوەناچێت و سەرچاوەی دارایی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دیارنیە، لەکاتێکدا پەرلەمان و دەزگا چاودێرییەکانی تر چالاک نەبوون بەرامبەر ئەو ناشەفافیەتانە.

ئامانجەکانی سێکتەری سیاسی

- بەهێزکردنی ئیرادەی سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی
- ڕێکخستنەوەی چوارچێوەی یاسایی پاڵپشتی دارایی پارتە سیاسییەکان بە شیوەیک کە بگونجێ لەگەڵ بنەماکانی ئەم ستراتیژە، هەروەها باشترکردنی راپۆرتە داراییەکان سەبارەت بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان.
- کەمکردنەوەی بۆشایی و جیاوازی نێوان ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسان و سەرچاوەی سەروەت و سامانەکان.
- کاراکردنی چاودێری پەرلەمانی بۆ سیاسەتەکانی دژەگەندەڵی، هەروەها کاراکردنی دامودەزگاکانی تر کە پەیوەندیدارن بە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی
- شەفافیەتی زیاتر لە دیاریکردنی پۆستە بەڕێوەبەرێتییەکان لە دامودەزگاکانی حکومەت.

## ٢. دامودەزگا ناوەندییەکان

پێشینە

دامودەزگا ناوەندییەکان، لەبابەتی وەزارەت و دەستەو فەرمانگەکان، ناتوانن بەپێی ئەرک و چاوەڕوانییە یاساییەکان کارا بن، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان دەستێوەردانی حیزبییە، هۆکارێکی تر کاربەدەستانی ئەو دامودەزگایانە لەسەر بنەمای شارەزایی و پیشەییانە دانامەزرێن،

پێوەرەکانی راژە و توانایی کاریان پێناکرێ، هەروەها رێکارەکانی سلوکی وەزیفی پێڕەوەی ناکرێ، بۆیە دامودەزگاکان ناتوانن وەڵامدەرەوەی خواستی هاوڵاتیان بن، ئەمەش بەنۆرەی خۆی جۆرێک لە بێمتمانەیی بەرامبەر دامودەزگاکان دروست کردووە.

گرفتێکی تر کە بۆتە هۆی بەهێزکردنی ئەو بێمتمانەییە، لەبەردەست نەبوونی زانیاری و دۆکیومێنەتەکانی دامودەزگاکانە، واتە هاوڵاتیان و مێدیاکان بەئاسانی دەستیان بە زانیاری دەستی یەکەم ناگات، سەرباری بوونی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری. لە هەمان کاتدا رێکار و رێنماییەکی فەرمی نیە بۆ پاراستی ئەو کەسانەی کە بە نیازی پاکەوە بیانەوێ هەر سەرپێچیەکی یاسایی یان کردەیەکی گوماناوی ئاشکرا بکەن. هەموو ئەمانە رێ خۆشکەرن بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی لە دامودەزگا ناوەندییەکان، لەکاتێکدا سیاسەتێک یان پلانێکی روون نیە لەو دەزگایانە بۆ رێگرتن لە گەندەڵی.

ئامانجەکان لەسەر ئاستی دامودەزگا ناوەندییەکان

- بنیاتنانی ئیدارەیەکی پیشەییانە و لەسەر بنەمای پێداویستی، دور لە هەر دەستتێوەردانێکی دەرەکی و حیزبی
- کاراکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری
- زەمینەسازی بۆ ئاشکراکردنی هەر کارێکی نایاسایی لە دامودەزگا گشتییەکان و زامنکردنی پاراستنی ئەو کەسانەی کە زانیارییەکان دەخەنە بەردەست بەپێی ستانداردە جیهانییەکان
- جێبەجێکردنی رێسای ئاکاریی لە دامودەزگا گشتییەکان و بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی خزمخزمێنە
- فەراهەمکردنی ئیجرائاتی دژەگەندەڵی تایبەت بۆ بوارەکانی تەندروستی، پەروەردە، باج و دەرامەت، ژینگە، پلاندانان و وەبەرهێنان.

## ٣. حکومەتە خۆجێیەکان

پێشینە

کاروباری رۆژانەی هاوڵاتیان بەشی هەرەزۆری پەیوەندی بە حکومەتە خۆجێیەکانەوە هەیە لەسەر ئاستی پارێزگا، قەزا و ناحیە، بەڵام بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەو دەزگایانە

بیرۆکراتیەتێکی فراوانی تیایە، بەشێوەیەک کە دەبێتە مایەی بێزارکردنی هاوڵاتیان و زەمینەیەک بۆ گەندەڵی. هەماهەنگی وەک پێویست نیە لە نێوانی دامودەزگا لۆکالییەکان لەلایەک و ئەو دامودەزگایانە لەگەڵ دامودەزگا ناوەندییەکان لەلایەکی تر بۆ راهی کردنی کاروباری هاوڵاتیان، نمونەیەکی زۆر زەق تێکەڵاوبوونی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانییەکان و هەندێ دەزگای ترە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگا وەک دەزگایەکی چاودێریی پێگەیەکی لاوازی هەیە لەبەرامبەر دامودەزگا لۆکالییەکان و رۆڵی خۆی وەک پێویست ناتوانێ ئەدا بکا. چادێریی هاوڵاتیان و کۆمەڵی مەدەنی بەشسیوەیکی گشتی لەسەر ئەو دامودەزگایانە لاوازە، چونکە زەمینەی بەشداری ئەوانە لە کاروبارو پرۆسەی بڕیاری دامودەزگا لۆکالییەکان زۆر سنوردارو نادیارە.

ئامانجەکان لەسەر ئاستی حکومەتە خۆجێیەکان

- پەرەپێدانی دەسپاکی و پسپۆڕیی لە حکومەتە خۆخێیەکان.
- پەرەپێدانی شەفافیەت لە کاروباری حکومەتە خۆجێیەکان و هاندانی بەشدارییکردنی هاوڵاتیان و کۆمەڵی مەدەنی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا
- زامنکردنی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی دژەگەندەڵی لە ئاستی خۆجێیی
- بەهێزکردنی پێگەو رۆڵی چاودێری ئەنجومەنی پارێزگاکان

## ٤. دەزگا تایبەتەکانی جێبەجێکردنی یاسا (پۆلیس، داواکاری گشتی و دادوەری)

پێشینە

گوتارێکی باو لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە یاسا وەک خۆی جێبەجی ناکرێت، ئەمەش بەهۆی نەبوونی توانایی پێویست، نەبوونی سەربەخۆیی پێویست، هەروەها نەبوونی هەماهەنگی پێویست لەنێوان ئەو دامودەزگایانەی کە راستەوخۆ پەیوەندیدارن بە جێبەجێکردنی یاسا وەک، پۆلیس، داواکاری گشتی و دادگاکان. ئەم دەزگایانەش پەیوەندیی و رۆڵی راستەوخۆیان هەیە لە رێگرتن لە گەندەڵی، ئاشکراکردنی گەندەڵی و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. تا چ ئاستێک ئەو دەزگایانە لەتوانایاندایە رۆڵ و ئەرکی خۆیان بەجێبگەیەنن، راستەوخۆ کاریگەری دەبێ لە سەر متمانەی خەڵک بەدامودەزگاکان. بۆیە لەپاڵ کارکردن بۆ سەربەخۆیی و بێلایەنی و هەماهەنگی زیاتر، ئەم دەزگایانە پێویستیان بە سەرچاوەی زیاترە بۆ چاککردنی رەوشی کارگێڕیی، توانای دارایی و

توانای مرۆیی. بەتایبەتیش پێگەو سەربەخۆیی داواکاری گشتی پێویستە بە پێی یاسا باشتر روون بکرێتەوە و بگونجێندرێ لەگەڵ پرەنسیپەکانی دادوەریی نێودەوڵەتیی.

لایەنێکی تر بۆ بەهێزکردنی متمانەی هاوڵاتیان بەو دەزگایانە، پەیڕەوی کردنی شەفافیەت و سیاسەتەکانی دژەگەندەڵییە لەناو خودی ئەو دەزگایانە, ناکرێ ئەو دەزگایانەی کە ئەرکیان جێبەجێکردنی یاسایە، ناشەفاف بن و پەیڕەوەی لە سیاسەتی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی نەکەن لەناو خۆیاندا.

## ئامانجەکان بۆ دەزگاکانی پۆلیس، داواکاری گشتی و دادوەری

- بەرزکردنەوەی ئاستی کارایی دامودەزگاکانی پۆلیس، داواکاری گشتی و دادوەری لە رێگرتن و ئاشکراکردن و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی
- باشترکردنی پیشەیی و سەربەخۆیی و بێلایەنی دامودەزگاکانی پۆلیس، داواکاری گشتی و دادوەری
- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەناو خودی دەزگاکانی پۆلیس، داواکاری گشتی، دادگاکان و چاکسازییەکان (بەندیخانەکان)
- باشترکردن و جێبەجێکردنی میکانیزمی سزایی توند بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

## ٥. دارایی گشتی

پێشینە
لە هەرێمی کوردستان پلانی ستراتیژی ئابوری و سیاسەتی ئابوری تۆکمە نیە، بە درێژایی مێژووی حوکمڕانی حکومەتی هەرێم تەنیا چەند ساڵێک بودجەی ساڵانە بە شێوەیەکی ئاشکرا هەبووە، سیستمێکی ژمێریاری کۆن پەیڕەو دەکرێ و سوود لە تەکنەلۆجیای نوێ وەک پێویست وەرنەگیراوە، سیستمی بانکی زۆر لاوازە، وەرگرتنی باج لەسەر شێوەی خەمڵاندنە، هەموو ئەمانە بۆتە هۆی ناڕونی لە داهات و خەرجییەکان، هەروەها چاودێرییەکی زۆر لاواز لەسەر موشتەریاتی گشتی.

دیوانی چاودێری دارایی ئەو دەزگایەیە کە وردبینی و پێداچوونەوە بە داهات و خەرجییە گشتییەکان دەکات، بەلام پێویستی بە تواناسازی و دەسەڵاتی زیاترە. هەروەها هەماهەنگی و

هاوکاری دامودەزگاکانی وڵات لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی، مەرجێکی سەرەکییە بۆ ڕێگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە دامودەزگاکاندا. هەندێ بوار، وەک بواری نەوت، لەدەرەوەی چاودێرییەکانی دیوان ماوەتەوە، بۆ ئەوەی کە دیوان بتوانێ ئەرکی خۆی جیبەجێ بکات، پێویستە چاودێری و پێداچوونەوە بە هەموو داهات و خەرجییەکانی هەرێم بکات. هەماهەنگی زیاتری نێوان دیوان و پەرلەمانی کوردستان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەردوو دەزگا. ئەرکی وەزارەتی دارایی (حکومەت) ئامادەکردنی بودجەیە، ئەرکی پەرلەمان پەسەندکردنی بودجەیە، ئەرکی دیوانی چاودێری داراییش پێداچوونەوەیە بە ژمێرەی کۆتاییە کە دۆکیومێنتێکی گرنگ دەبێ بۆ دڵنیابوونەوە لەچۆنیەتی خەرجکردنی داهاتی هەرێم، ئەگەر بەشێوەیەکی پیشەییانەو سەربەخۆیانە ئامادەکرابێ. بۆیە بۆ شەفافیەتی زیاتر و ڕێگرتن لە ئەگەری گەندەڵی پێویستە هەموو ئەو دەزگایانە لە هەماهەنگی دابن و ئەرکی خۆیان لە ئامادەکردنی بوجە، پەسەندکردنی بودجە و ژمێرەی کۆتایی بەجێ بگەیەنن.

دیوێکی دیکەی موشتەریاتی گشتی کە پێویستە بەهەند وەربگیردرێ، ئەو سیستمی موشتەریاتەیە کە تا ئێستا لە دامودەزگاکان پەیرەو دەکرێ، میکانیزمەکانی لێژنەی موشتەریاتی دامودەزگاکان پێویستە بە شێوەیەکی گشتی پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، بەشێوەیەک کە لێژنەی موشتەریات لەژێر چاودێرییەکی بەهێزی ناوخۆیی دابن و پێداچوونەوە بە سیستمی پسولە بکرێ بۆ ڕێگریکردن لەهەر ئەگەرێکی گەندەڵی.

ئامانجەکان بۆ دارایی گشتی

- شەفافیەت، کارایی و عەقلانیەت لە داهات و خەرجییە گشتییەکان
- ڕێگرتن لە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی سامانی گشتی و جێبەجێکردنی هەمان چوارچێوەی یاسایی دژەگەندەڵی بەسەر دارایی گشتی
- ڕێگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە موشتەریاتی گشتی

## ٦. سێکتەری تایبەت و بواری بازرگانی

پێشینە

سێکتەری تایبەت لە هەرێمی کوردستان باش ڕێک نەخراوە، سێکتەرێک کە بەپێی ڕێکارەکانی ئێستا لەدەرەوەی بازنەی چاودێری ماوەتەوە و هەماهەنگییەکی ئەوتۆ نیە لەنێوانی سێکتەری تایبەت و سێکتەری گشتیدا. ئەکتۆرە سەرەکییەکانی سێکتەری تایبەت هەمیشە گلەیی لە نەبوونی

پاڵپشتی حکومەت دەکەن، لەکاتێکدا سیستمی باج بەشێوەیەکی ناڕێک بەسەریاندا دەسەپێت و سیستمی دڵنییای کۆمەڵایەتی نایانگرێتەوە. بواری بازرگانی لەژێر ناوی "بازاڕی ئازاد" بۆتە مایەی ساغکردنەوەی کاڵای کوالیتی خراپ و قۆرخکاری، لەلایەکی تر دەستی حیزب لەنێو بازاڕدا مانایەکی بۆ پرەنسیپەکانی بازاری ئازاد نەهێشتۆتەوە، بەشێوەیەک کە حیزب یان بەرپرسانی حیزبی، لەرێی بەکارهێنانی پێگەی حیزبی و لیپرسراوێتیان، بوونەتە ئەکتۆری بازرگانی بێڕکابەر بۆ کۆمپانیاکان و بازرگانان، بەشێوەیەک کە کاریگەری زۆر نێگەتیڤی لەسەر سەرمایەگوزاری تایبەت کردووە. پەیوەندی نێوان حیزب و بازاڕ پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

گلەییەکی زۆر لە کۆمپانیاکان هەیە سەبارەت بەوەی کە پڕۆژەکان بە کوالیتی خراپ جێبەجی دەکەن و چاودێرییەکی ئەوتۆش بەسەریانەوە نیە بۆ رێگرتن لەگەندەڵی ناو پرۆژەکان، لێرەوە بۆ زامنکردنی کوالیتی باش و رێگرتن لە ئەگەری گەندەڵی پێوست بە پێداچوونەو باشترکردنی رێنماییەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان هەیە.

ئامانجەکان بۆ سێکتەری تایبەت و بواری بازرگانی

- کەمکردنەوەی مەترسییەکانی گەندەڵی لەرێی باشترکردنی رێنماییەکانی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
- کاراکردن و زیاترکردنی هەوڵ و کارە هاوبەشەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە نێوانی کەرت تایبەت، کەرتی گشت و کۆمەڵی مەدەنی
- بەهێزکردن و جێبەجێکردنی ئیتیکی کار و بازرگانی

## ٧. کۆمەڵی مەدەنی و میدیا

پێشینە

یەکێک لە میکانیزمە بەهێزەکانی چاودێریکردنی گەندەڵی بریتیە لە هەماهەنگی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان لەلایەک و کۆمەڵی مەدەنی و میدیا لەلاکەی تر. بەهەمان شێوە بۆ جیبەجیکردنی پلان و چالاکییەکانی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بەتایبەتیش ئەو چالاکیانەی کە پەیوەندی بە راهێنان و هەڵمەتی هۆشیارییە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەتوانن سەرچاوەیەکی باش بن بۆ دەسەڵاتە گشتییەکان بۆ ریگرتن و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. لەهەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٣ دەسەڵاتە گشتییەکان، حکومەت و پەرلەمان رێککەوتنێکی هاوکاریان لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکان بەست بەناوی "پەیمانی هاوبەشی و

گەشەپێدان لەنێوانی دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان" کە بەبڕیاری ژمارە ٥ ی ٢٠١٣ لەپەرلەمان پەسەندکرا، ئەو ڕێککەوتنە بنەمایەکی گرنگە بۆ هاوکاری نێوان کۆمەڵی مەدەنی و دەسەڵاتە گشتییەکان کە ڕۆلی تەواوکاری دەدەن بەیەکتر، کاراکردنی ئەو بڕیارە دەبێتە مایەی بەهێزکردنی هەماهەنگی و هاوکاری هەردوولا و بەرنامەی هاوبەش بۆ بەگژاجوونەوەی گەندەڵی.

بەرچاوکردنی رۆڵی کاریگەرانەی مێدیا لەبەدواداچوون و ئاشکراکردنی کەیسەکانی گەندەڵی، بوونی ڕێککەوتنێک یان هاوکارییەکی دوولایەنە لە نێوان مێدیا و دەسەڵاتە گشتییەکان بۆ هاندانی مێدیای ئیستقصائی و تەحقیقی بە پێویست دەزانرێت. هاندانی رۆژنامەنووسان و مێدیاکان بۆ پەیرەویکردن لە ئیتیکی رۆژنامەوانی و یاسای رۆژنامەوانی ئەرکێکی هەمەلایەنەیە، بەهەمان شێوە زەمینەخۆشکردن بۆ باشترکردنی ژینگەی کاری رۆژنامەوانی و مێدیای سەربەخۆ، هەروەها پاراستنی رۆژنامەوانان لە هەڕەشە، پێویستە لە ئەولەویاتەکانی دامودەزگا بەرپرسەکان بێ. بەشێوەیەکی گشتی پێویستە هەماهەنگی بەردەوام هەبێ لە نێوانی دامودەزگاکان و کۆمەڵی مەدەنی و مێدیا، زانیار و پێوست بخەنە بەردەستی یەکتر و ژینگەیەکی هاوکاری دروست بکەن بۆ رووبەڕووبوونەوەو ڕێگرتن لە گەندەڵی.

ئامانجەکان بۆ کۆمەڵی مەدەنی و مێدیا

- بەهێزکردنی هاوکاری نێوان دامودەزگا گشتییەکان و کۆمەڵی مەدەنی بۆ چاودێریکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دژەگەندەڵی
- پشتیوانیکردن لە بەشداری کۆمەڵی مەدەنی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە دامودەزگا گشتییەکان دا
- کاراکردنی بڕیاری ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠١٣ ی پەرلەمان، "پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لە نێوانی دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان"
- پشتیوانی کردن لە رۆژنامەوانی/ مێدیای لێکۆڵینەوەیی و بەدواداچوون (تحقیقی و استقصائی)
- بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری نێوان دامودەزگا گشتییەکان و کۆمەڵی مەدەنی و مێدیا بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەمەڕ گەندەڵی
- پاراستنی چالاکان و مێدیاکاران لەو هەڕەشانەی کە رووبەروویان دەبێتەوە لەکاتی کارکردنیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

## ٨. پەیوەندی و هاوکاریی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی

پێشینە

هەرێمی کوردستان بەشیکە لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، بەڵام سەربەخۆییەکی زۆری هەیە لە پەیوەندی نێودەڵەتی و پەیوەندی هەرێمایەتی. هەندێ رێگری دێتە بەردەم هەرێمی کوردستان بۆ چوونە ناو پەیمانە نێودەوڵەتییەکان بەهۆی ئەوەی کە ئەندام نیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام لە هەریمی کوردستان نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و ئاژانسی دیکەی نێودەوڵەتی و رێکخراوی جیهانی بوونیان هەیە و لە پەیوەندییەکی فەرمی دان لەگەڵ دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان دەتوانێ هەماهەنگی لەگەڵ ئەو ئاژانسانە بکات بۆ سوود وەرگرتن لە ستاندارد و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، لەریی سوود وەرگرتن لەتوانای مەعریفی و لوجیستی ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان بۆ راهێنان و تواناسازی دامودەزگاکانی هەرێم و ئەنجامدانی چاکسازی پێویستی کارگێڕی.

هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی دوولایەنەی هەیە لەگەڵ وڵاتەکانی ناوچەکە، بۆیە دەتوانێ رۆڵی کاریگەر بگێڕێ بۆ رێگریکردن لە قاچاغی ماددەی هۆشبەر، بازرگانی بە مرۆڤ، تیررۆریزم، پارەشۆردنەوە و دیاردەی دیکەی سنوربڕ کە رێخۆشکەرن بۆ تەشەنەکردنی گەندەڵی.

ئامانجەکان بۆ پەیوەندی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی

- کاراکردنی هاوکاری نێوان دەزگا پیوەندیدارەکان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان و کاراکردنی میکانیزمەکان بۆ هەماهەنگ کردنی چوارچێوەی یاسایی دژەگەندەڵی
- بەشداری کارا لە کاروچالاکی رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان، و دەسپێشخەرییەکان لەبواری دژەگەندەڵی
- هاندانی جیبەجێکردنی رێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، هەروەها دیاریکردنی کاتبەندی و ستراتیژ بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامەی کۆمیسیۆنی ئەوروپی بۆ یاسا مەدەنی و جینائییەکانی دژ بە گەندەڵی
- بەهێزکردنی هاوکاری تەنفیزی لەگەڵ وڵاتانی تر و رێکخراوی تر، بە مەبەستی بەهێزکردنی توانای ناوخۆیی بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و تاوانی شۆردنەوەی پارە لە جیهان
- زیاترکردن و باشترکردنی هاوکاری دوولایەنە لەرێی جێبەجێکردنی چالاکی دیاری دژەگەندەڵی

## پەیکەری جێبەجێکردن

- جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە ئەرکێکی هەمەلایەنەیە، واتە هەموو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی کە لە پاشکۆی پلانی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە ناویان هاتووە و چۆنیەتی بەرپرسیارێتییەکەیان دیاریکراوە (بڕوانە پاشکۆی پلانی جێبەجێکردن).

- دوای مانگێک لە پەسەندکردنی ئەم ستراتیژە، بە دەسپێشخەری دەستەی دەسپاکی لێژنەی هاوبەشی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پێکدێت لە لایەنە پەیوەندیدارەکان. ئەم لێژنەیە پلانی کاری ستراتیژەکە پەسەند دەکات و کۆبوونەوەی وەرزی ساز دەکات بە مەبەستی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە.

- دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان رۆلی هەماهەنگی لە نێوانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم ستراتیژە دەبینێ و ئەرکی بەدواداچوونی پلانی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژەی لە ئەستۆیە.

## چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ستراتیژەکە

- رێوشوێنی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ئەم ستراتیژە لەرێی راپۆرت نووسین و کۆبوونەوەی نێوان لایەنە بەرپرسیارەکان دەبێ. راپۆرت نووسین بەپێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە دەبێ (بڕوانە پاشکۆی پلانی چاودێریکردن و راپۆرت نووسین):

١. ئەو لایەنانەی بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی ستراتیژەکە و پلانی جیبەجیکردنی ستراتیژەکە، ڕاپۆرت بۆ دەستەی دەسپاکی دەنووسن، سێ مانگ جارێک.

٢. دەستەی دەسپاکی راپۆرت بۆ لێژنەی هاوبەشی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەنووسێ، شەش مانگ جارێک.

٣. لێژنەی هاوبەش راپۆرت بۆ رای گشتی دەنووسێ، ساڵی جارێک.

- دەستەی دەسپاکی کۆبوونەوەی دووقۆڵی یان هاوبەش لەگەڵ لایەنە بەرپرسیارەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە ئەنجام دەدات بەمەبەستی چاودێریکردنی پلانی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە.

- لێژنەی هاوبەش لە ناوەڕاستی ماوەی ستراتیژەکە دەتوانێ پێداچوونەوە بۆ پلانی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە بکات، بۆ ئەوەی بیگونجێنێ لەگەڵ بارودۆخی باو و گۆڕانکارییەکان، بەمەرجێ زۆرینەی ئەندامانی لێژنەی هاوبەش رەزامەند بن.

- لێژنەی هاوبەش، دوو مانگ بەر لە ناوەڕاست و دوو مانگ بەر لە کۆتایی ماوەی ستراتیژەکە کۆدەبێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و جێبەجێکردنی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. لێژنەی هاوبەش هەڵسەنگاندنی کۆتایی دەکات بە بنەما بۆ داڕشتنی ستراتیژی نوێی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

ئامادەکردنی:
لێژنەی نووسینەوەی ستراتیژی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان
هەولێر، ١٥ / ١٢ / ٢٠١٦

# الخطوط العامة لوضع استراتيجية وطنية لمكافحة الفساد في اقليم كوردستان

دانا سعيد صوفي

معهد اصلاح للتنمية (RID)

**هذه الدراسه اصبحت اساسا لوضع استراتيجية مكافحة الفساد في اقليم كوردستان لسنة ٢٠١٧ حتى سنة ٢٠٢١، التى اقرت من قبل مجلس الوزراء فى ٢٠١٧/٥/١٥ .**

## 1. السياق و الخلفية

هناك كلام كثير عن قضية الفساد في اقليم كوردستان، ليست فقط في القنوات الاعلامية، ولكن على المستوى السياسي و المؤسسات الرسمية ايضا. اعترف مسؤولي الحكومة في مناسبات مختلفة عن وجود ظاهرة الفساد وتبحث قضية و مشروع الاصلاح لمواجهة الفساد في اروقة البرلمان والحكومة. يعتبر تأسيس هيئة النزاهة في 2013 اشارة الى وجود الفساد بشكل متفشي، لانه حسب القانون الذي أسست بموجبه هيئة النزاهة (الرقم 3 لسنة 2011، التعديل الاول الرقم 7 لسنة 2014)، الهدف من تأسيس الهيئة هو مواجهة الفساد.

حسب تقارير منظمة الشفافية الدولية فأن العراق يعتبر من اسوأ الدول التي تنتشر فيه الفساد بشكل واسع، و من الواضح ان اقليم كوردستان جزء من العراق و اشارات هذه المنظمة تنطبق على اقليم كوردستان ايضا و بشكل نسبي. حسب مؤشرالشفافية الدولية لسنة 2014 فان للعراق 14 نقطة من 100 نقطة، و من 175 دولة مشارة اليها في هذا المؤشر، احتل العراق المرتبة 170 عالميا، بمعنى ان هناك 5 دول فقط في حال اسوأ بمقياس الفساد و الشفافية. هذه حاله يستمر؛ في 2015 يحتل العراق المرتبة 161 من 167 و في 2017 المرتبة 169 من 180 دولة مشارة اليها في المؤشر. على اية حال و ان لم يكن هذا المؤشر دقيقا تماما لاقليم كوردستان، لا نستطيع الجزم بانه بعيد جدا.

تأسست هيئة النزاهة لاول مرة في برلمان كوردستان في سنة 2009، ولكن دونما نشاط، وهذا بسبب الخلافات السياسية. في نفس السنة و قبلها بأشهر، توصل حكومة الاقليم و بمساعدة احدى الشركات الى صياغة استراتيجية للحوكمة الرشيدة والشفافية، حسب احدى توصياتها كان يجب انشاء مكتب باسم مكتب الحوكمة والنزاهة في مجلس الوزراء، وقد تأسس هذا المكتب في سنة 2010، وكان واجبه العمل لحكومة نشطة وشفافة، وهذا بالتعاون مع الوزارات و الدوائر بلاشك. صدّق برلمان كوردستان في سنة 2011 على قانون الهيئة العامة للنزاهة في اقليم كوردستان، حسب هذا القانون كان يجب تأسيس الهيئة وحسب المدة الثالثة من القانون يكون المهمة الرئيسية لتلك الهيئة عبارة عن تثبيت سيادة القانون ، مكافحة ظاهرة الفساد ودعم الشفافية. ولكن مدة تأسيس هذه الهيئة دام حتى سنة 2013. وقد اقر حكومة الاقليم نظام المبادئ الاخلاقية المهنية لمنتسبي حكومة الاقليم، والذي يمكن الاشارة اليه، لانه متصل بجهود مواجهة الفساد، على الاقل على المستوى الاداري والادارة.

ولكن هذا الاطار القانوني الموجود حاليا والمؤسسات المتعلقة بمكافحة ظاهرة الفساد غير نشيطة تماما. لم تستطع لجنة النزاهة في برلمان كوردستان حتى الان بذل جهود جدية لمواجهة الفساد، وذلك بسبب الخلافات السياسية من جانب وضعف البرلمان بذاته من جانب آخر. وفيما يتعلق بمكتب الحوكمة والنزاهة في مجلس الوزراء، فأن محاولاتها محدودة جدا وليست بمستوى لعب دور المتابعة والمساءلة امام المسؤولين و المؤسسات. لايبدو ان تأسيس هذا المكتب كان محاولة جدية من قبل حكومة الاقليم لمواجهة الفساد، ارساء الحوكمة الرشيدة والشفافية. تم تأسيس المكتب قبل مايربوا على ست سنوات و اقرار استراتيجية الحوكمة الرشيدة والشفافية لحكومة اقليم كوردستان منذ سبع سنوات تقريبا. ومع ذلك لم تتغير طريقة حكم المؤسسات نحو الانشط و الاحسن ولم تلتزم اتباع منهج الشفافية في اعمالها. وهذا في حين ان الاشخاص المختصون فقط يعلمون بوجود مثل هذا المكتب، اضافة الى ان انشاء المكتب لم يكن ضمن اطار قانون مصدق عليه من البرلمان.

السؤال الذي يطرح نفسه هنا، كيف هو وضع الهيئة العامة للنزاهة في اقليم كوردستان، المرتبطة بشكل مباشر بالبرلمان وتم تأسيسها بموجب قانون خاص، بمعنى ان لها مكانة اقوى كثيرا من مكتب الحوكمة الرشيدة والشفافية. مع الاسف حتى بعد تأسيس هذه الهيئة لم تقل نسبة الفساد ولا ارتفع مستوى الشفافية في مؤسسات الاقليم، ويمكننا ارجاع هذا الوضع الى:

1. لم تمر فترة طويلة على انشاء الهيئة العامة للنزاهة ولم تكتمل توفير الاحتياجات البشرية و المادية لها.
2. عمق الخلافات السياسية بين الاحزاب، بشكل ادى الى تطويل يد الحزب داخل الحكومة، وهذا بدوره اصبح سببا لاضعاف الارادة السياسية في مواجهة الفساد.
3. عدم وجود علاقة على اساس التعاون بين مؤسسات الرقابة والقضاء في الاقليم، اضافة الى عدم وجود علاقة بهذا الشكل بين السلطات المختلفة، التشريعية، التنفيذية والقضائية، فمثلا اذا كان البرلمان ضعيفا في الرقابة والمسائلة، والادعاء العام غير نشط، فحينها لا نستطيع ان ننتظر الشئ الكثير من هيئة النزاهة.
4. عدم وجود استراتيجية وطنية ضد الفساد، تجمع كافة الجهات المعنية تحت مظلة مجموعة من الاهداف والمبادئ المشتركة تكون بمثابة خارطة طريق لمواجهة الفساد.
5. عدم وجود الاختصاص والخبرة، التدريب والوسائل الضرورية التي هي عبارة عن اسباب قوية لتفعيل المؤسسة المختصة بمواجهة الفساد.

هذه عبارة عن بعض من الاسباب و يجوز ان يشار الى اسباب اخرى تعيق تنشيط المؤسسة المختصة بالنزاهة. ولكن يبرز هنا سؤال آخر يتعلق باسلوب فهمنا حول ظاهرة الفساد، وهو اننا كيف ننظر الى الفساد؟ بمعنى آخر كيف تنظر السلطة السياسية و المؤسسات المسؤولة والمعنية الى الفساد، ويظهر مع هذا السؤال اسئلة أخرى:

هل ينظرون الى الفساد كظاهرة خطرة تحتاج المواجهة، هل تعطى الاولوية لمكافحة الفساد ام قد اختفى خلف الاجندة السياسية، هل ينظر الى الفساد كمشكلة مؤسساتية ام ينظر اليه على المستوى الفردي. مع الاسف ان الظاهر ان الاولوية لم تعطى لمواجهة الفساد، حين ان الكثير من المسؤولين البارزين في البلاد اشاروا الى خطورة و مدى الانتشار الواسع للفساد في الاقليم. وقد تم النظر الى مسألة الفساد على المستوى الشخصي ايضا، بمعنى انه تم التعامل مع الفساد كتصرف او طمع شخصي، في حين ان الفساد موجود في الاقليم بصورة منظمة، هذا اذا لم نتحدث عما يجري بصورة كبيرة وفي اطار قانوني مؤسساتي. لذلك لاعجب ان عبّر الناس عن تعجبهم من عدم تمكن الحكومة او الجهات المعنية من منع الفساد المنظم، او ان يسئلوا في مصلحة من تصب هذه الظاهرة؟ مع الاسف ان عجز وعدم اهتمام الحكومة والمؤسسات المعنية الاخرى بمكافحة الفساد جعل الناس يفقدون ثقتهم بالمؤسسات، وهذا يعتبر المستوى الاخطر من الفساد، فمن هذا المنطلق ينظر الى هذه الظاهرة كحالة طبيعية، بمعنى آخر كثقافة مقبولة، ويجعل من مهمام الاجهزة المختصة في مواجهة الفساد امرا اصعب.

بجانب عدم فعالية مؤسسات الدولة لقضية الفساد، كان للمجتمع المدني ايضا دورا هامشيا. عدد المنظمات الغير الحكومية التي خصصت مهامها لمسألة مكافحة الفساد قليل، هذا باضافة الى ان عمل المنظمات الغير حكومية في الاقليم لها خبرة قصيرة المدى و تحتاج الى تنمية قدراتها. في جانب آخر فأن عدم وجود علاقة مؤسساتية وعلى اساس التعاون بين المنظمات و السلطات العامة، جعلت من تأثير المنظمات على هذه القضية قليلة جدا. اظافة الى هذا الدور الهامشي، تجري فعاليات مختلفة من قبل منظمات المجتمع المدني، فمثلا حملة الشفافية والمسائلة، هي احدى المبادرات المدنية. تنفيذ معاهدة المشاركة والتنمية بين السلطات العامة و المنظمات الغير حكومية كتابع لقرار 5 لسنة 2013 الصادرة عن البرلمان، يكون سببا جيدا لتنشيط دور المنظمات وتعاون مؤسسات الدولة لمواجهة الفساد.

من الواضح ان مسألة الفساد يثار في القنوات الاعلامية بكثرة، بحيث ان منظمة مدنية تسمى (ستوب) لديها مشروع لتوثيق التغطيات الاعلامية الخاصة بقضايا الفساد. الاثارة الاعلامية لقضايا الفساد اثرت بشكل او بآخر على النظر الى الفساد كظاهرة ثقافية وطبيعية، وذلك لانه لم تجري متابعات من الجهات المسؤولة لاية قضية كانت قد اثيرت من قبل الاجهزة الاعلامية، او لم تكن لها اية نتائج. بسبب وجود نوع من التقاسم

السياسي والحزبي بين القنوات الاعلامية، في اغلب الاحيان لا تؤخذ التغطيات الاعلامية بنظر الاعتبار، ولكن ينظر اليها كموضوع اعلامي ضد المخالفين السياسيين. مع الاسف التغطيات الاعلامية اقل حرفية والمتابعات الاعلامية والمصادر الموثوقة ليست اللاعب الرئيسي في تلك التغطيات. ولربما يكون عدم تنفيذ قانون الحصول على المعلومات وقانون الصحافة سببا رئيسيا آخر بجانب تحزب الاجهزة الاعلامية.

كما نرى فان مسألة الفساد موجودة بشكل ملحوظ ومتفشي في العلاقات المتنوعة، على المستويات المالية والادارية، القانونية والسياسية، الفردية والمؤسساتية. تحتاج الى بذل الجهود الشاملة من شتى الجهات، يمكن ان تكون صياغة استراتيجية وطنية لمكافحة الفساد، احدى المحاولات الاساسية لجمع الجهات المعنية وتوحيد قدراتها تحت مظلة خطة مشتركة ومنظمة.

## 2. امثلة مقارنة

في هذا الجزء نستعرض الامثلة من بعض الدول للتعامل مع ظاهرة الفساد، ونؤكد على استراتيجياتهم ضد الفساد، بغرض الاستفادة من التجارب الناجحة لبلدان اخرى واخذ الدروس من فشلهم. نستعرض فيما يلي حالات تلك الدول:

### كوسوفو

كوسوفو من الدول التي تتشابه من عدة جوانب مع العراق واقليم كوردستان، من حيث تعدد القوميات والديانات فيها، وتعرضها للحرب والصراعات الداخلية، هذا بالاضافة الى انها دولة ما بعد الحروب، مثله كمثل العراق واقليم كوردستان. كوسوفو بعد استقلالها اصبحت صاحبة ثلاث استراتيجيات ضد الفساد، اولاها من 2004الى 2007، و الثانية من 2009 الى 2011، و الثالثة من 2012 الى 2016. اي الاستراتيجية الاولى لثلاث سنوات والثانية لاربع والثالثة لخمس سنوات، ولكن تجري تقييم ومراجعة خطة عمل الاستراتيجية بعد سنتين.

في كوسوفو تم تأسيس وكالة مكافحة الفساد بقانون وحددت مسؤولياتها بقانون مكافحة الفساد 2004/34، ولكن بدأ العمل به في 2006، احدى مهامها عبارة عن اعداد استراتيجية لمكافحة الفساد، وتقوم بهذا العمل بالتعاون مع المؤسسات المعنية الاخرى ومع منظمات المجتمع المدني. حسب قائمة منظمة الشفافية الدولية لسنة 2014، كوسوفو تحتل المرتبة 100 من الدول الـ175 في تلك القائمة، ولها 33 نقطة من 100. مقارنة بالعراق و نقاطه الـ16 واحتلاله المرتبة 170، فأن وضع كوسوفو يعتبر احسن الى حدما.

حسب تقرير مفوضية الاتحاد الاوروبي النهائي لسنة 2011 لتقييم تقدمات كوسوفو، احرزت هذه الدولة بعض التقدم بعد العمل على استراتيجية مكافحة الفساد. يتم مراقبة تنفيذ الاستراتيجية من قبل وكالة مكافحة الفساد. والوكالة تراقب ايضا تنفيذ قانون منع تضارب المصالح في تطبيق الوظائف العامة، التي تعتبر من القوانين التي صدرت بعد تنفيذ استراتيجية مكافحة الفساد. وبنفس غرض مكافحة الفساد تم اصدار قوانين اخرى، منها قانون الكشف عن املاك المسؤولين، قانون كشف الهدايا للمسؤولين، قانون الحفاظ على مبلِّغ المعلومات، وقانون المشتريات العامة.

